# خوێندنەوەی دەرەکی لای خوێندکارانی زانکۆ

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی کۆیە

م.ی. توانا فریدون حسین

زانکۆی کۆیە

فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان

بەشی کۆمەڵناسی

### پێشەکی

خوێندنەوە یەکێکە لە گرنگترین ئەو لێهاتووییە مرۆییانەی، کە پاڵی بە مرۆڤەوە ناوە بۆ گەشەکردنو بەرەوپێش چوون، خەسڵەتی خوێندنەوە ئەوەیە، کە مرۆڤ لەگەڵ تەواوی بوونەوەرەکانی تردا جیادەکاتەوە، کۆڵەکەو کلیلی دەرگای زانستە، ئەو ئامرازەیە کە مرۆڤ لە تەواوی لایەنە جیاوازەکانی ژیاندا پێش دەخات، هەروەها پەنجەرەیەکە لەنێوان جیهانی ڕابردوو و ئێستاو داهاتوودا.

هەتا شارستانییەت زیاتر گەشەبکاتو بەرەو ئاڵۆزی بچێت، پێویستی تاکو کۆمەڵگەش بۆ خوێندنەوە زیاتر دەبێت، لەبەرئەوەی خوێندنەوە پێویستییەکی هەمیشەییەو ناکرێت فەرامۆش بکرێت، گەلانی دونیا بە خوێندنەوە پێگەیشتوونو گەشەیان کردووە چونکە هەموو دەروازەکان بەڕووی مرۆڤدا ئاوەڵا دەکاتو ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان دەکات، خوێندنەوە هۆکارێکە بۆ پێکەوە بەستنی نەوەکان بەیەکەوە چونکە لەو ڕێگەیەوە نەوەکانی کۆمەڵگە دەتوانن ئاگاداری ئەو گۆڕانکاریو پێشکەوتنانە بن، کە بەسەر شارستانییەتەکەیاندا ڕوویداوەو کەڵكو سوودی لێ وەربگرنو وەك کولتورێك شانازی پێوە بکەن.

خوێندنەوە پرۆسەیەکی دینامیکییە، کە تاك پێی هەڵدەستێت و پێویستی بە هاوسەنگییەکی عەقڵیو دەروونیو جەستەیی هەیە، ئەگەر هەر تەنگژەیەك یاخود ناهاوسەنگییەك دروست ببێت ئەوا کاردەکاتە سەر ئاستی تاکەکەو لە خوێندنەوەدا لاوازی دەکات بە جۆرێك ئاستی کێشەکە چەند بەرزبێت ئەوا توانای تاکەکەش هێندە دادەبەزێت، زۆرجار کاریگەری فاکتەرە دەروونییەکان لەسەر توانای خوێندنەوە زیاترە لە کاریگەری فاکتەرە جەستەییەکان لەسەر تاك، ئاراستەی تاك ڕووەو خوێندنەوەو چەمکی تاك سەبارەت بە خۆیو ئارەزووی بۆ خوێندنەوەو ئەو ڕێگەیەی، کە لێیەوە فێردەبێت کاریگەری لەسەر تواناکانی خوێندنەوەی هەیە.

سەرەڕای زۆریی سەرچاوەکانی مەعریفە سەبارەت بە ئامڕازە نوێیەکانی گەیاندنو ئامڕازە تەکنەلۆجییەکان وەك تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی، بەڵام خوێندنەوە پێگەی خۆی هەر لەدەست نەداوەو لە پرۆسەی فێرکردنو فێربووندا پاشەکشەی نەکردووە، بەڵکو ڕۆڵی زیادی کردووەو گرنگییەکەی زۆرتر بووە، ئامڕازێك بووە بەدەست مرۆڤەوە هەتا بتوانێت مەعریفە بەدەست بهێنێتو لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا کارلێك بکات[1].

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە "خوێندنەوەی دەرەکی لای خوێندکارانی زانکۆ"، کە توێژینەوەیەکی پراکتیکییە لە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی کۆیە، خوێندکارانی زانکۆ وەك نموونە وەرگیراونو فۆرمی پرسیارنامەیان ئاڕاستە کراوە بە هەردوو ڕەگەزەکەوە، لێرەدا توێژەر مەبەستیەتی بزانێت خوێندنەوە لای خوێندکاران لە چ ئاستێکدایەو چۆن تەماشای دەکەن، چونکە هەستیارترین توێژی کۆمەڵگەنو هیوای دواڕۆژی کۆمەڵگەکەمانن لەبەرئەوەی خوێندکاران لە ڕووی تەمەنەوە گەنجنو خاوەنی زۆرترین سەرمایەی وزەی عەقڵین، بەم پێیە چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە خوێندنەوە لای ئەمان لە ئاستی پێویستدا بێت، چونکە کۆمەڵگە چاوی لە زانکۆو خوێندکارەکانیەتیو بە هیوای دواڕۆژی کۆمەڵگەی کوردی دەزانێت، هەر بۆیە بە پێویست زانرا کە توێژینەوەیەکی لەم جۆرە لەنێو خوێندکارانو قوتابیاندا بە ئەنجام بگەیەنرێت بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین ئەوە دەربخەین، کە خوێندنەوەی دەرەکی تاچەند لەلای خوێندکارانی زانکۆ گرنگی هەیەو تاچەند تواناو حەزو ویستیان بۆ خوێندنەوەی ئەو بابەتانە هەیە، کە لەدەرەوەی پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆن.

---

[1] ساجد العبدلي، إقرأ، كيف تجعل القراءة جزءاً من حياتك، ط١، دار مدارك للنشر، بيروت، ٢٠١١، ص١٥.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەو چەمکەکان

### باسی یەکەم/ توخمە بنەڕەتییەکانی توێژینەوە:

#### ١- کێشەی توێژینەوەکە *Research Problem* :

کۆمەڵگەی کوردی یەکێکە لەو کۆمەڵگانەی، کە هەنگاو دەنێت بەرەو گەشەسەندنو گۆڕانکاری، بەو پێیەی بە درێژایی مێژوو میللەتێکی داگیرکراوو ستەملێکراو بووین هەر بۆیە بە چەمكو مانای ئازادی نامۆ بووین، بەڵام لە ئێستادا دۆخەکە گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆوە دیوەو سەردەمێکی نوێیە لە مێژووی ئەم کۆمەڵگەیەدا چونکە تیایدا ئازادی ڕا دەربڕینو بڵاوکردنەوە باشترە بە بەراوورد لەگەڵ سەردەمانی پێشووتردا، کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە هەوڵ بدرێت بزانرێت پرۆسەی خوێندنەوەی دەرەکی لای خوێندکارانی زانکۆ لە چ دۆخێکداو پرۆسەکە چۆن بەڕێ دەکرێت، ئەم توێژینەوەیە مەبەستیەتی بزانێت گەنجی ئێستای زانکۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ خوێندنەوەدا دەکات چونکە کرداری خوێندنەوە گرنگترین پایەی دروستبوونی ڕۆشنبیری مرۆڤە.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بزانێت، خوێندکار تاچەند خولیای خوێندنەوەی دەرەکی هەیە، چونکە بە تەنها خوێندنی وانەکانی زانکۆ بەس نین بۆ پەروەردەکردنی لایەنی ڕۆشنبیری خوێندکار، بەڵکو پێویستە خوێندکار ئاگاداری ئەو پێشکەوتنو گۆڕانکارییانە بێت، کە لە دەرەوەی زانکۆدا ڕوودەدات، واتە خوێندنەوەی دەرەکی تا چەند بووەتە بابەت لای خوێندکارو پاڵنەریان لە چ ئاستێکدایە بۆ خوێندنەوەی بابەتە جۆراوجۆرەکان، لە توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە بە شێوەی فۆڕمی ڕاپرسی ئەم زانیارییانە لە خوێندکارانو قوتابیان وەربگیرێت بۆ ئەوەی بزانرێت چۆن مامەڵە لەگەڵ خوێندنەوەدا دەکەن، چونکە لە ڕاستیدا تاکی خوێنەر خێزانی خوێندەوارو هۆشیار دروست دەکات، خێزانی هۆشیاریش کۆمەڵگەی هۆشیارو پێشکەوتوو دروست دەکات، کەواتە لێرەدا دەبینین خوێندنەوە پرسێکی گرنگە لە کۆمەڵگەداو چارەنووسی کۆمەڵگەیەکی لەسەر بەندە، لەبەرئەوەی تاکی هۆشیارو کۆمەڵگەی هۆشیار پێکەوە دەبنە مایەی گۆڕانکاری بەردەوامو چەق نەبەستنی ژیانی کۆمەڵایەتی، چونکە دەردو پەتای دواکەوتوویی لە ئاکامی نەخوێندنەوەو نزمی ئاستی هۆشیاری تاکەکانەوە دروست دەبێت، هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بە پێویستی دەزانێت بابەتی خوێندنەوەی دەرەکی لای خوێندکارانی زانکۆ بەهەند وەربگرێتو وەك پرسێکی گرنگو چارەنووسساز لێی بڕوانێت.

## ٢- گرنگی توێژینەوەکە *The Importance of the Research*:

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی دوو گرنگی هەیە، یەکەمیان گرنگی تیۆرییە، واتە خزمەتکردنی بابەتەکەیە بە بەکارهێنانی سەرچاوەی زانستیو هەروەها تەواوکردنی ئەو توێژینەوانەی پێشووە کە لەو بوارەدا ئەنجام دراون، دووەمیان گرنگی پراکتیکییە، واتە کۆکردنەوەی زانیاریو داتای پێویست دەربارەی ئەو بابەتەی، کە توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدرێت[1].

ئەم توێژینەوەیە گرنگی بەرچاوی هەیە لە خزمەتکردنی کۆمەڵناسیدا چونکە ئاماژە بۆ بابەتێکی گرنگی وەکو خوێندنەوە دەکات لەلای خوێندکاری زانکۆ، بەو پێیەی خوێندنەوە لەسەر ئاستی تاکەکەسیو کۆمەڵایەتی گرنگییەکی زۆری هەیە، کەواتە خوێندنەوە ئامرازێکە بۆ زانینو تێگەیشتنو شارەزابوون لەئەو شتانەی لە کۆمەڵگەو جیهاندا ڕوودەدات، لە هەمانکاتدا ئامرازێکە بۆ تێرکردنی حەزو لایەنە مەعنەوییەکانی کەسی خوێنەر، زۆرێك لەو شتانە پێشکەشی تاك دەکات، کە لە ژیانیدا پێویستی پێیەتیو لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەو بەربەستانەدا یارمەتی مرۆڤ دەدات کە لەژیانی ڕۆژانەدا دێنە بەردەمی، هەروەها یارمەتی دەدات بۆ زانینی ئاستو تواناکانی، کەواتە دەکرێت بگوترێت خوێندنەوە ئامرازێکی گرنگە بۆ پەیوەستکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە. ئەم توێژینەوەیە خزمەتێك بە زانستی کۆمەڵناسیو پەروەردەییو کۆمەڵناسی مەعریفە دەگەیەنێت، چونکە هەوڵ دەدات زانیاری لەمەڕ خوێندنەوەی دەرەکی لای خوێندکاری زانکۆ وەربگرێتو ئەوە نیشان بدات، کە خوێندنەوەی دەرەکی تا چەند گرنگیو بایەخی هەیە لەلایان، بێگومان ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی بچووکە لەم پێناوەداو لە داهاتوودا دەشێت خزمەتی ئەو توێژەرانە بکات، کە توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دەدەن لەبەرئەوەی توێژینەوەی بەردەوام پرۆسەیەکی پێویستە لە گشت زانستەکاندا بە تایبەت لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، پاشان لەڕووی مەیدانییەوە توێژینەوەکە گرنگی خۆی هەیە چونکە هەوڵێکە بۆ زانینی ڕێژەی خوێندنەوەی دەرەکی لای خوێندکارانی زانکۆ، تا بەهۆی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە بتوانرێت پێشنیارو ڕێگەچارەی پێویست پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار بکرێتو بەهەند وەربگیرێت.

---

[1] فهمي سليم الغزوي و آخرون، المدخل الى علم الاجتماع، الاصدار الثاني، دار الشروق، عمان، ٢٠٠٤، ص٤٥.

**٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە Research objectives:**

١- هەوڵدان بۆ زانینی ئارەزووی خوێندنەوەی دەرەکی لای خوێندکاری زانکۆ.

٢- ئایا خوێندکاری زانکۆ بە شێوەیەکی ڕێکخراو پراکتیزەی خوێندنەوە دەکات؟

٣- هەوڵدان بۆ زانینی ئەو شتانەی، کە پاڵ بە خوێندکاری زانکۆوە دەنێن بۆ خوێندنەوە.

٤- ئایا خوێندکاری زانکۆ لە ئاست خوێندنەوەدا هەست بە کەمتەرخەمی دەکات؟

**باسی دووەم/ چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

**١- خوێندنەوە Reading**

**٢- خوێندکاری زانکۆ University students**

**٣- خوێندنەوەی دەرەکی Reading foreign**

**١- خوێندنەوە:** سەرەتا چەمکی خوێندن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا گرنگییەکی بەرچاوی هەیە هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ* خَلَقَ الإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ* اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ* الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ* عَلَّمَ الإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ)[١].

خوێندنەوە: چالاکییەکی عەقڵیو هزرییە، کە زۆر پرۆسە تیایدا بەشدارە، لە بنەڕەتدا خوێندنەوە بە ئامانجی پەیوەستکردنی زمانی قسەکردنە لەگەڵ زمانی نووسیندا[٢].

خوێندنەوە: پرۆسەیەکی عەقڵیی تێرامانییە کە پشت بە پرۆسە عەقڵییە باڵاکان دەبەستێت، هەروەها چالاکییەکی عەقڵییە، کە خۆی لە بیرکردنەوەو هەڵسەنگاندنو شیکردنەوەو لێکدانەوەدا دەبینێتەوە. واتە بە تەنها چالاکییەکی بینراو نییە، کە بە بینینی پیتە چاپکراوەکان کۆتایی بێت، بەڵکو پرۆسەیەکی بونیادنەرانەی چالاکە، کە تیایدا خوێنەر هەڵدەستێت بە پێکەوە بەستنەوەی ئەو شتانەی دەیخوێنێتەوە لەگەڵ ئەو واقیعەی کە تیایدا دەژی، هەروەها هەر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا مەعریفەی نوێ بەو مەعریفە کۆنانەوە دەبەستێتەوە، کە پێشتر زانیویەتیو شارەزایی لەبارەیانەوە پەیداکردووە[٣].

[١] القرآن الكريم: سورة العلق، الآية: ١-٥.

[٢] هشام الحسن، طرق تعليم الاطفال، دار العلمية الدولية للنشرو التوزيع، عمان، ٢٠٠٠، ص١١.

[٣] مورتيمر آدلر و تشارلز ظان دورن، كيف تقرأ كتابا، ترجمة: طلال الحمصي، ط١، الدار العربية للعلوم، بيروت، ١٩٩٥، ص١٧.

خوێندنەوە: بە پلەی یەکەم بریتییە لە پرۆسەیەکی ژیری ئیدراکی، کە تیایدا وێنەی بینراو دەگۆڕێت بۆ دەنگو وشەی گوتراو، هەروەها پەیبردنە بە ئەو دەنگو وشانە. هەروەها دەکرێت بڵێین خوێندنەوە هونەرو لێهاتوییە، کە پشت بە دوو پرۆسەی سەرەکی دەبەستێت ئەوانیش:

١- پرۆسەیەکی میکانیکییە: ئەم پرۆسەیە خۆی لە خوێندنەوەی ئەو وشانەدا دەبینێتەوە کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە، ئەو گوزارشتانەی کە بە چاو دەیخوێنێتەوە، مەبەست لەمە ئەو مەودایەیە، کە چاو دەتوانێت وشەو دێڕو پەرەگرافەکانی پێ بخوێنێتەوە.

٢- پرۆسەیەکی عەقڵییە: ئەم پرۆسەیە پەیوەندی بە مێشکەوە هەیە لە ناسینەوەی وشەو هێما نووسراوەکاندا[١].

خوێندنەوەی دەرەکی: مەبەست لێرەدا خوێندنەوەی ئازادە، واتە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە لە دەرەوەی قوتابخانەن و پەیوەندییان بە ئەرکی قوتابخانە یاخود هەر ئەرکێك لەو جۆرە ئەرکانە نییە. ئەم هەنگاوە یەکێکە لە گرنگترین هەنگاوەکانی خوێندنەوە بۆ ئەو کەسانەی، کە دێنە نێو جیهانی خوێندنەوەوە[٢].خوێندنەوەی ئازاد سەرەتا بە ئامانجی چێژ وەرگرتنە بەڵام پاشان پەل دەکێشێت بۆ سوودو کەڵك وەرگرتن، ئەم خوێندنەوەیە هیچ زۆرو ناچارکردنێکی تێدا نییەو کەسەکە بە پێی ویستی خۆی بوارێك هەڵدەبژێرێتو دەیخوێنێتەوە واتە لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا مرۆڤ ئەو شتانە دەخوێنێتەوە، کە دەیەوێت نەك ناچار بکرێت بە خوێندنەوەی بابەتێکی دیاریکراو هەروەك لە خوێندنی قوتابخانەدا بەدی دەکرێت[٣].

## ٢- خوێندکاری زانکۆ *University students*:

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە خوێندکاری زانکۆ سەرجەم ئەو خوێندکارە کچ و کوڕانە دەگرێتەوە، کە لە پاش قۆناغی ئامادەیی دێنە زانکۆو تێکڕا بۆ ماوەی (٤-٦) ساڵ بە پێی کۆلێجو بەشە پسپۆڕییە جیاوازەکان دەخوێنن.

---

[١] د. خالدة هناء سيدهم، أسباب عزوف الطلبة عن القراءة و أساليب تنمية مهاراتهم القرائية: دراسة ميدانية لطلبة سنة ثالثة ليسانس LMD علم المكتبات و العلوم الوثائقية بجامعة باتنة، الجزائر، العدد الثاني عشر، ٢٠١٣، ص٢٥٠.

[٢] د. عبدالكريم بكار، القراءة المثمرة مفاهيم و آليات، ط٦ ، دار القلم ، دمشق، ٢٠٠٨، ص٣٠.

[٣] د. عبدالكريم بكار، القراءة المثمرة مفاهيم و آليات، ط٦ ، دار القلم ، دمشق، ٢٠٠٨، ص٣٠.

## ٣- خوێندنەوەی دەرەكی Reading foreign:

مەبەست لە خوێندنەوەی دەرەكی هەموو ئەو بابەتە هەمەجۆرانەیە كە خوێندكار دەیانخوێنێتەوە بە ئامانجی بەرزكردنەوەی ئاستی رۆشنبیری‌و هۆشیاری خۆی وەك هەریەك لە بابەتە كۆمەڵایەتیەكان، ڕامیارییەكان، رۆشنبیرییەكان، ئاینیەكان، وەرزشییەكان‌و چەندان بابەتی دیكەش.

## باسی سێیەم/ كورتەیەك دەربارەی خوێندنەوە:

خوێندنەوە شارەزاییەكی سەرەكییە لە ژیانی تاكدا، هەموو مرۆڤێك پێویستی پێی هەیە بۆ گەشەپێدان‌و بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، خوێندنەوە مێژوویەكی كۆنی هەیە بەڵام بە دەركەوتنی زانستە پەروەردەییەكانی وەك دەروونناسی گەشەو زانستەكانی زمان، چەمكی خوێندنەوە زیاتر گەشەی كرد. ئەم گەشەكردنە یارمەتی ڕاڤەكردنی سروشتی پرۆسەی خوێندنەوەی دا بەو پێیەی پرۆسەیەكە، كە لە چاو تێپەڕ دەكات بۆ بەكارهێنانی توانستی عەقڵی‌و مەعریفی بە شێوازێكی پێكەوە بەستراو[١].

لەژێر ڕۆشنایی پێداویستییەكانی خوێنەردا، گرنگیدان بە خوێندنەوەی تاكەكەسی لەلای قوتابیان پەرەی سەند، هەروەها لەسەر ئاستی كۆمەڵگەش خوێنەر بە دوای ئەو بابەتانەدا دەگەڕا، كە پێداویستییە مەعنەوییەكانی پڕ دەكردەوە بۆ ئەوەی كەڵكی لێ وەربگرێت‌و ڕۆشنبیری خۆی پێ زیاد بكات، كەواتە خوێندنەوە وەك بنەمایەكی سەرەكی لە ژیانی كۆمەڵایەتی هەر تاكێكدا خۆی سەلماندو بوو بە پێویستییەكی هەمیشەیی بۆ هەر تاكێك چونكە پێویستە مرۆڤەكان شانبەشانی ئەو گۆڕانكارییە ڕۆشنبیریانە بڕۆن، كە لە كۆمەڵگەدا ڕوودەدات، لێرەدا بە پێویستی دەزانین كۆی باسەكان لەسەر خوێندنەوە لەم سێ تەوەرەدا بخەینەڕوو[٢]:

**١- گەشەكردنی چەمكی خوێندنەوە.**

**٢- ئەركەكانی خوێندنەوە.**

**٣- جۆرەكانی خوێندنەوە.**

---

[١] Tony Buzan, The Speed Reading Book, BBC Worldwide Limited,United Kingdom,1971,P33.

[٢] د. عبدالكريم بكار، القراءة المثمرة مفاهيم و آليات، المصدر السابق، ص١٥.

## ١- گەشەكردنی چەمكی خوێندنەوە:

خوێندنەوە وەك پرۆسەیەكی گرنگ لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا بە چەند قۆناغێكدا تێپەڕیوە، كە دەكرێت لەم خاڵانەدا بخرێنەڕوو:

أ- لە سەرەتادا چەمكی خوێندنەوە خۆی لەوەدا بینیوەتەوە، كە خوێنەر فێری پیتو وشەكان بووەو توانیویەتی بیانخوێنێتەوە، خوێنەری باش ئەو كەسە بووە كە بە باشی وشەكان دەربڕێت، كەواتە بەم واتایە خوێندنەوە بریتییە لە پرۆسەیەكی ئیدراكی، بینین، بیستن[1].

ب- لە ئاكامی توێژینەوە پەروەردەییەكانەوە چەمكی خوێندنەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، زانایەكی وەك (سۆراندایك) كاری جیددی لەم پێناوەدا كردووە، بەم پێیە چەمكی خوێندنەوە بریتییە لە: زانینی هێماكانو خوێندنەوەیانو وەرگێڕانی ئەم هێمایانە بۆ واتاو مانا جیاوازەكان. واتە خوێندنەوە پرۆسەیەكی فیكرییەو پێویستی بە تێگەیشتنە[2].

ج- لە دوای جەنگی جیهانی یەكەمەوە ئەم چەمكە گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، لە ئاكامی ئەو گۆڕانە سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابورییانەی كە كۆمەڵگەكانی گرتۆتەوە، ئەم گۆڕانكارییەش ڕەگەزێكی دیكەی هێناوەتە كایەوە، كە ئەویش كارلێككردنی خوێنەر بووە لەگەڵ دەقە خوێنراوەكەدا، ئەم كارلێككردنە خۆی لە چەند حاڵەتێكدا دەبینێتەوە وەك قایل بوون یاخود ڕەتكردنەوە، دڵخۆش بوون یاخود بێزاربوون، سەرسام بوون یاخود فەرامۆش كردن، هەموو ئەمانە لە ئاكامی كارلێككردنی خوێنەر لەگەڵ دەقە خوێنراوەكاندا دروست بوون[3].

د- ئەم چەمكەی كە باسكرا هەنگاوی نا بەرەو وێنەیەكی فراوانتر لە دیاریكردنی واتای خوێندنەوەو بەكارهێنانی ئەو شتانەی كە خوێنەر لە تێگەیشتندا بەكاری دەهێنا، هەروەها دیاریكردنی ئەو شتانەی، كە ئارەزووی دەكرد بیخوێنێتەوە بۆ ئەوەی فێری ئەوە ببێت چۆن ڕووبەڕووی كێشەكان ببێتەوەو لە ژیانی پراكتیكی ڕۆژانەدا كەڵكیان لێ وەربگرێت، بەمەش چەمكی خوێندنەوە سەرباری هەموو ئەو شتانە كە پێشتر باسكران بریتییە لە: ئامادەكردنی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی ئەو

---

[1] بيتر كومب، الانطلاق في القراءة السريعة، ط٤، مكتبة جرير، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٧، ص١٧٠.

[2] د. لطيفة حسين الكندري، تشجيع القراءة، ط١، المركز الاقليمي للطفولة و الامومة، الكويت، ٢٠٠٤، ص١٨.

[3] هشام الحسن، طرق تعليم الاطفال، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

بابەتانەی، کە لە ژیاندا سوودیان لێ دەبینێتو فێری ئامادەکردنی دەکات بۆ ڕووبەڕووبونـەوەی لەگـەڵ واقیعدا[١].

هـ- یەکێکی تر لەو قۆناغانەی خوێندنەوەی پێدا تێپەڕیوە بریتی بووە لەوەی، کـە خوێندنـەوە بـۆ بەسەربردنی کاتی دەست بەتاڵی سوودی لـێ وەربگیرێـت، چـونکە مرۆڤـ ئاسـوودە دەکـاتو ئاسـۆی بیرکردنەوەی فراوان دەکاتو فێری زۆرێك لەو شارەزاییانەی دەکات، کە پێـشتر وەك پێویـست زانیـاری لەسەر نەبوو[٢].

## ٢- ئەرکەکانی خوێندنەوە:

خوێندنەوە چەندین ئـەرکی دەروونـیو کۆمەڵایـەتی گرنگـی هەیـە لـەژیانی خوێنـەردا، کـە لـەم خاڵانەدا دەردەکەون:

١- زۆرێك لە پێداویـستییە دەروونییـەکانی تـاك تێردەکـات، وەك پێویـستی پەیوەنـدیکردن بـە کەسانی ترەوەو بەشداریکردن لەگەڵیاندا لە بیرو بۆچوونو هەسـتو دەربڕینەکانـدا، پاشـان خوێندنـەوە پێویـستییەکە بـۆ سـەربەخۆبوون، واتـە پێویـستە تـاك پـشت بـەخۆی ببەسـتێت لـە بەدەسـتهێنانی مەعریفەدا، هەر ئەمەشە وای لێدەکات سـەربەخۆ بێـت لـە دایـكو بـاوكو مامۆسـتاکانی، هـەروەها پێداویستی گەڕان سەبارەت بە دۆزینەوەی شتەکان لەلا تێر دەکاتو ئەو جیهانەی بـۆ دەردەخـات، کـە پێشتر لەپێش چاویدا ونو نادیار بووە، سەرباری ئـەوەش ئـەو ڕاسـتییانەی بـۆ دەردەخـات کـە پێـشتر نەیزانیوە[٣].

٢- خوێندنەوە هاوکاری تاك دەکات بۆ گونجاندنی دەروونی، واتە دەروازەیەکە بـۆ کردنـە دەرەوەی ئەو فشارە دەروونییانەی، کە لەسـەر دروسـت بـوون، دواجـار خوێندنـەوە تـاك لـە هەسـتی تـەنهایی دووردەخاتەوە[٤].

---

[١] القراءة و الكتابة مع طفلك من مرحلة الروضة حتى الصف السادس، دليل لأولياء الامور، وزارة التربية و التعليم في أونتاريو، كندا، ٢٠١٢، ص٧.

[٢] Steven Roger Fischer، A History of Reading، Reaktion Books Ltd،2003، London، P328.

[٣] د.حاتم حسين البصيص، تنمية مهارات القراءة و الكتابة، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠١١، ص٣١.

[٤] البرتو مانغويل، تأريخ القراءة، ط١، ت: سامي شمعون، دار الساقي، بيروت، ٢٠٠١، ص١٩٩.

٣- خوێندنەوە هاوکاری تاك دەکات لە پەرەپێدانی حەزو ئارەزووەکاندا، هەروەها سوود وەرگرتن لە کاتە دەست بەتاڵییەکانو چێژ وەرگرتن لەو شتانەی کە دەیخوێنێتەوە[1].

## ٣- جۆرەکانی خوێندنەوە:[2]

بە شێوەیەکی گشتی ئەو پۆلێنکارییانەی، کە بۆ جۆرەکانی خوێندنەوە کراون دەکرێت لەم جۆرانەی لای خوارەوەدا چڕیان بکەینەوە:

**١- خوێندنەوەی زانینخواز:** خوێندنەوەیەکی پچڕپچڕە، کە خوێنەر مەبەستی تەنها کات بەسەربردنو پڕکردنەوەی کاتە دەست بەتاڵیەکانە.

**٢- خوێندنەوەی پراکتیکی:** لەم خوێندنەوەیەدا چەند ئامانجێکی زانستی ئاشکرا لەپشت خوێنەرەوە هەیە، ئەم خوێندنەوەیە بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

أ- خوێندنەوە لەگەڵ کورت کردنەوەدا(القراءة مع التلخيص): مەبەست لەم خوێندنەوەیە چاوپێداخشاندنە بە ناوەرۆکی کێبەکەدا، پاشان تەرکیزکردنە لەسەر گرنگترین بابەتەکانی نێو کتێبەکەو کۆکردنەوەی لە پوختەیەکدا.

ب- خوێندنەوە لەگەڵ لێ وەرگرتن (القراءة مع الاقتباس): مەبەست لەمە کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، ئەم بەشە سێ جۆر خوێندنەوەی لێ دەبێتەوە، کە بریتین لەمانە[3]:

**١- خوێندنەوەی خێرا:** مەبەست لە خوێندنەوەی پێرستی کتێبەکەیە، خوێنەر ئەو بابەتانە دیاری دەکات، کە دوور یان نزیك پەیوەندی بە مەبەستەکەی خۆیەوە هەیە.

**٢- خوێندنەوەی ئاسایی:** لەم خوێندنەوەیەدا خوێنەر ئەو بابەتانە دەخوێنێتەوە، کە لە هەندێك لە کتێبەکاندا دیاری دەکات، تیایدا ئەو بابەتانەش دیاری دەکات، کە پەیوەندی بە بابەتەکەی خۆیەوە هەیە.

---

(١) فهد بن صالح الحمود، قراءة القراءة، ط٢، مكتبة العبيكان، السعودية، ٢٠٠٦، ص٥٧.

(٢) خالد بن عبدالعزيز النصار، الإضاءة في أهمية الكتاب و القراءة، ط١، دار العاصمة، السعودية، بدون سنة الطبع، ص٤٨.

(٣) محەمەد فەریق حەسەن، بەکولتوورکردنی خوێندنەوە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، لا٤٨-٤٩.

**٣- خوێندنەوەی قووڵ:** لەم خوێندنەوەیەدا خوێنەر بە شێوەیەکی قووڵو مەبەستدار ئەو توێژینەوانە دەخوێنێتەوە، کە پەیوەندییان بە بابەتەکەیەوە هەیە، دەشێت جارێکی تریش بیانخوێنێتەوەو ئەوەی تێیدا گرنگە لێی وەربگرێتو سوودی لێ ببینێت.

**ج- خوێندنەوە لەگەڵ کەسانی تر:** ئەم جۆرە خوێندنەوەیە باوو بەربڵاو بووە لە دامەزراوە ئاینییەکاندا، قوتابییەکان لە خوێندنەوەی ئەرشیفەکاندا بە تەنها نەدەبوون بەڵکو لەگەڵ دانەرەکانیاندا دادەنیشتن ئەگەر لە ژیاندا بمانایە یاخود لەگەڵ پیرو بەتەمەنەکاندا دادەنیشتن، ئەمەش بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی بابەتەکەو تێگەیشتن لێی بە شێوازێکی قووڵو کاریگەر، تەنانەت ئەم جۆرە خوێندنەوەیەش لەم سەردەمەدا دەبینرێت بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر.

**د- خوێندنەوەی پەتی:** لەم خوێندنەوەیەدا هیچ کورتکردنەوەیەك یان لێوەرگرتنێك یان ڕوونکردنەوەیەك نییە، بەڵکو کتێبو بابەتی تایبەت هەیە، کە لەگەڵ ئەم جۆرە خوێندنەوەیەدا شیاوبێت.

لە ڕووی نواندنو جێبەجێکردنەوە دوو جۆر دابەشکاری بۆ خوێندنەوە کراوە، کە بریتین لەمانە[1]:

**١- خوێندنەوەی بێدەنگ:** ئەو خوێندنەوەیەیە، کە پشت دەبەستێت بە هەبوونی توانای پێویست لە خێراییو تێگەیشتنو کورتکردنەوەی بابەتە خوێنراوەکاندا، سەرباری ئەمەش ئاستی زمانەوانیو هزری خوێنەر زیاتر دەکات، خوێندنەوەی بێدەنگ بواری تێگەشتن لە گوزارشتو پێکهاتەی قسەکان دەڕەخسێنێت، هەروەها بواری بیرکردنەوە بۆ خوێنەر فەراهەم دەکاتو دواجار حەزو ویستی خوێندنەوەی لەلا زیاد دەکات.

**٢- خوێندنەوە بەدەنگی بەرز:** ئەم خوێندنەوەیە پشت بە دەربڕینو گێڕانەوە دەبەستێت، ئەم جۆرە چەند سوودێکی هەیە وەك دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی قسەکردنو چارەسەرکردنیان، هەر بۆیە ئەمە ئامرازێکە بۆ فێربوونی شێوازی دەربڕینو قسەکردنو گوزارشت کردن لە واتاکان بە شێوازێکی دەنگیی ڕوونو ئاشکرا، ئەم جۆرە لێهاتووییە لە هەریەك لە پیشەکانی مامۆستا، پارێزەر، وتاردانەدا دەردەکەوێت.

---

[1] د. ساجد العبدلي، القراءة الذكية، ط٢ ، الابداع الفكري للنشر و التوزيع، الكويت، ٢٠٠٧، ص ٦٠-٦١.

## بەشی دووەم

## میتۆدی توێژینەوەو ڕێکارە مەیدانییەکان

### أ- میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەگەر لەڕووی زاراوەییەوە ئاماژە بە فیکرەی میتۆد بدەین ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم کە لەسەر دەستی هەریەك لە فرانسیس بیکۆن *Francis Bacon* و کلود برنارد *Claude Bernard* و چەندین زاناو بیرمەندی ئەو سەردەمە سەریهەڵدا،مەبەست لە زاراوەی میتۆد ئەو ڕێگەیەیە کە هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت لە زانستەکاندا بە پشت بەستن بە چەند ڕێسایەکی گشتی کە باڵادەستە بەسەر عەقڵداو کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی چەند ئەنجامێکی ڕوونو ئاشکرا[1].

میتۆد وشەیەکە وەرگێڕدراوی وشەی *Methode* لە زمانی فەرەنسیو زۆربەی زمانە ئەوروپییەکانی تریشدا، لە بنەڕەتدا هەموویان دەگەڕێنەوە سەر ئەسڵی وشەکە لە زمانی یۆنانیدا کە پێی دەوترێت "$\mu\acute{\varepsilon}\theta o\delta o\varsigma$"، ئەفلاتون بەواتای توێژینەوە یان تێڕوانین یان مەعریفە بەکاری هێناوە، هەروەها ئەرستۆش هەندێکجار بەمانای "توێژینەوە"بەکاری هێناوە، ئەو واتا ئەسڵییەی کە لێی دەرهێنراوە ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێگەیە یاخود میتۆدەی کە توێژەر دەگەیەنێت بە مەبەستی دیاریکراو[2].

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە گرنگی بە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە دەدات کە پەیوەندی بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە بێگومان ئەویش لەڕێگەی ئەو پرسیارنامەیەوە کە توێژەر ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکەی دەکات بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر بابەتەکەو پاشان شیکردنەوەی زانیارییەکانو گفتوگۆکردن لەسەر ئەو ئامانجانەی کە توێژینەوەکە هەوڵی بۆ دەدات.

میتۆدە بەکارهاتووەکان لەم توێژینەوەیەدا بریتین لەمانەی خوارەوە:

### أ- میتۆدی مێژوویی *The Historical Method*:

میتۆدی مێژوویی لە توێژینەوەدا لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکات کە گرنگی بە ڕووداوەکانی ڕابردوو دەدات هەروەها ڕاڤەو شیکاریان دەکات بە ئامانجی گەیشتن بە یاسا گشتییەکان بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات لە شیکردنەوەی بارودۆخەکانی ئێستاو پێشبینی کردنیش بۆ داهاتوو، بەم پێیە بەشێوەیەکی بابەتی وەسفی ڕوداوەکان دەکاتو هەوڵ دەدات زەمەنی ڕوداوەکان سنوردار بکات بۆ

[1] د. أحمد بدر، أصول البحث العلمي و مناهجه، ط٨ ، المكتبة الاكاديمية، القاهرة، ١٩٩٦، ص٣٣-٣٤.

[2] عبدالرحمن بدوي، مناهج البحث العلمي، ط٣، وكالة المطبوعات، الكويت، ١٩٧٧، ص٣.

ئەوەی چیرۆکێکمان بۆ ئامادە بکات کە لە ڕابردووەوە دەستی پێ کردبێتو بەردەوام بێت لەگەڵ دۆخی ئێستاو داهاتووشدا[1].

ئەم میتۆدە لە گەشەکردنی چەمکی خوێندنەوەدا سودی لێ وەرگیراوە چونکە تیایدا ئاماژە بۆ چەند قۆناغێکی مێژوویی کراوە کە چەمکی خوێندنەوەی پێدا تێپەڕیوە.

**ب- میتۆدی ڕوماڵی کۆمەڵایەتی(*Social Survey Method*):**

ڕوماڵی کۆمەڵایەتی لە توێژینەوە وەسفییەکاندا بەکاردەهێنرێت، زۆر پێناسەی بۆ کراوە بەڵام لە دیارترینیان بریتیە لە پێناسەکەی زانا ویتنی *Whitney* کە دەڵێت هەوڵدانێکی ڕێکخراوە بۆ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنو زانینی دۆخی ئێستای گروپێك یان سیستمێکی کۆمەڵایەتی، ئەم میتۆدە پەیوەندی بە داهاتووەوە هەیەو گرنگی بە ڕابردوو نادات، هەوڵ دەدات بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانو پاشان پۆلێن کردنیانو ڕاڤەکردنیانو گشتاندنیان بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ مەبەستی زانستیو پلان دانان بۆ داهاتوو[2]. بۆلین یۆنگ *Young* واپێناسەی دەکات کە ڕوماڵی کۆمەڵایەتی توێژینەوە لە لایەنە ناتەندروستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات لە پێگەیەکی جوگرافی دیاریکراودا، ئەم لایەنانەی ژیانی کۆمەڵایەتی بایەخی خۆی هەیەو دەکرێ پێوانەو بەراورد بکرێت لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگەیەکی تردا، مەبەست لەمەش پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تۆکمەیە لە چاکسازی کۆمەڵایەتیدا[3].

**٢- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانکۆی کۆیە – پارێزگای هەولێر- هەرێمی کوردستانی عێراق.

**٣- نموونەی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا نموونەی مەبەستدار (العينة القصدية) بەکارهاتووە کە بریتیە لەو نموونەیەی توێژەر بەشێوەیەکی مەبەستدار وەریدەگرێت بۆ ئەوەی خزمەتی توێژینەوەکەی پێ بکات بەبێ دانانی هیچ کۆتو بەندو مەرجێك لەسەر شێوازی دیاری کردنەکەی لەبەرئەوەی توێژەر خۆی دەزانێت کام نموونەیە گونجاوو شیاوترە تا دەستنیشانی بکات بۆ توێژینەوەکەی ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی زانستی یاخود پسپۆڕیو چەندین شتی تری نموونەی توێژینەوەکە، ئامانج لە نموونەی مەبەستدار

---

[1] غريب محمد سيد أحمد، تصميم و تنفيذ البحث الاجتماعي، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٢، ص٥٩-٦٠.

[2] د. أحمد رأفت عبدالجواد، مبادىء علم الاجتماع، مكتبة نهضة الشرق، القاهرة، ١٩٨٣، ص٣٧.

[3] د. عبدالباسط محمد حسن، أصول البحث الاجتماعي، مكتبة وهبة، مصر، ١٩٧٧،ص ٢٢٥.

بەدەستهێنانی زانیاری زۆرترو سەرکەوتنی زیاترە لە توێژینەوەدا، چونکە هەموو نموونەیەك مەرجی سەرکەوتن بۆ توێژینەوە دەستەبەر ناکات لەبەرئەوەی سروشتی بابەتی توێژینەوەکە نموونەکە دەستنیشان دەکات[١].

هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا ئەم جۆرە نموونەیە وەرگیرا لەبەرئەوەی بابەتەکە زیاتر نزیکترە لە قوتابیانی زانستە مرۆییەکانەوە بەجۆرێك (١٥٠) یەکە لە خوێندکاری کوڕو کچ لە زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتیەکان لە هەرسێ بەشەکانی (مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی) وەرگیراوە.

## ٤- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

**- فۆرمی زانیاری** (*Questionnaire*)**:** ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی توێژینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتیو پەروەردەییەکاندا، کە تیایدا کۆمەڵێك پرسیار ئاراستەی نموونەی توێژینەوەکە دەکرێتو دواتر فۆرمەکان بەتاڵ دەکرێنو پۆلێن دەکرێنو ڕێك دەخرێن بۆ ئەوەی دەرئەنجامی لێ بەدەست بخرێت، کەواتە لە کۆمەڵێك پرسیاری هەمەلایەنو جۆراوجۆر پێکهاتووە دەربارەی ئەو بابەتەی کە توێژەر لێی دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی زۆرترین زانیاری لە نموونەکە بەدەست بهێنێت، ئامرازێکی خێرایە لە کۆکردنەوەی زانیاریداو کاتێکی کەمی پێویستە[٢].

لەم توێژینەوەیەدا پرسیارنامە بەکارهاتووە، لە سەرەتادا پێکهاتبوو لە (٣٣) پرسیار بەڵام لەپاش ڕەچاوکردنی ئەو تێبینیانەی کە لەلایەن شارەزایانەوە[*] ئاراستەی توێژینەوەکە کرا پرسیارەکان

---

[١]Piergiorgio Corbretta, Social Research, Theory, Methods and techniques, Sage Publications, London,2003,P210.

[٢]Nicholas Walliman, Social Research Method, Sage Publications, London, 2006, P51.

[*] ناوی شارەزایان:

١- پ. ی. د. ئازاد علي اسماعیل/ فاکەڵتی زانست و تەندروستی / زانکۆی کۆیە

٢- د. کاوە علي محمد/ فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی باخچەی ساوایان/ زانکۆی کۆیە

٣- د. پەیمان عبدالقادر مجید/ سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی کۆمەڵناسی – زانکۆی سلێمانی

٤- د. کەژاڵ حسێن/ سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی کۆمەڵناسی – زانکۆی سلێمانی

٥- د. ئەمیر خوداکەرەم/ سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی کۆمەڵناسی – زانکۆی سلێمانی

٦- د. پێشەوا عبدالباقي محمد/ مەڵبەندی کوردۆلۆجی/ زانکۆی سلێمانی

٧- د. ئارام علي فرج/ سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی کۆمەڵناسی – زانکۆی سلێمانی

کەم کرانەوە بۆ (٢٨) پرسیار بەجۆرێك سەرجەم ئەو لایەنانە لەخۆدەگرێت کە ئەم توێژینەوەیە گرنگی پێ دەدات، پاشان تاقیکردنەوەی ڕاستی پێوەر بۆ ئەم پرسیارنامەیە بریتی بووە لە (٩٣,٧٪).

**٥- بوارەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە ئەم بوارانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ- بواری مرۆیی: لایەنی مرۆیی توێژینەوەکە خوێندکارانی زانکۆی کۆیە دەگرێتەوە کە پێکهاتوون لە خوێندکارانی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتیەکان لە بەشەکانی (مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی)کە پێکهاتوون لە (١٥٠) یەکە لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ.

ب- بواری شوێنی: توێژینەوەکە لە زانکۆی کۆیە ئەنجام دراوە.

ج- بواری کاتی: بواری کاتی توێژینەوەکە لە (٢٠١٣/١٢/١) دەستی پێکردووەو لە (٢٠١٤/٣/٢) کۆتایی پێ هاتووە، واتە کاتی جێبەجێکردنی لایەنی مەیدانیش دەگرێتەوە.

**٥- ئامرازە ئامارییەکان:**

توێژەر لە شیکردنەوەی زانیارییەکاندا هەریەك لە ئامرازەکانی ڕێژەی سەدیو ناوەندی ژمێرەیی بەکارهێناوە.

**ب- خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکان:**

**١- پێکهاتەی ڕەگەزی نموونەکە:**

**خشتەی (١)**

**ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| ژ | ڕەگەز | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ٧٨ | ٥٢٪ |
| ٢ | مێ | ٧٢ | ٤٨٪ |
| کۆی گشتی | | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە خشتەی (١)دا دەردەکەوێت نموونەی توێژینەوەکە لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ پێکهاتووە بەجۆرێ (٧٨)کەس و بەڕێژەی ٥٢٪ لە ڕەگەزی نێرن، پاشان (٧٢)کەس و بەڕێژەی ٤٨٪ بریتین لە ڕەگەزی مێ، کۆی گشتییان بریتیە لە (١٥٠)یەکە.

## ٢- پێكهاتەی تەمەن:

**خشتەی (٢)**

**تەمەنی نموونەی توێژینەوەكە نیشان دەدات**

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| ١٨-٢٠ | ٤٤ | ٢٩,٣٣ |
| ٢١-٢٣ | ٧٤ | ٤٩,٣٣ |
| ٢٤-٢٦ | ٢٧ | ١٨ |
| ٢٧-٢٩ | ٢ | ١,٣٣ |
| ٣٠-٣٢ | ٣ | ٢ |
| كۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪* |

هەروەك لە خشتەی (٢)دا تەمەنی نموونەی توێژینەوەكە ڕوون كراوەتەوە، دەركەوتووە كە تەمەنەكان دەكەونە نێوان (١٨-٣٢)ساڵ كە زۆرترین ژمارەی تەمەن لە تەمەنی نموونەی توێژینەوەكە لەنێوان (٢١-٢٣)ساڵدایە كە ژمارەیان ٧٤ كەسە لە كۆی یەكەكانی نموونەی توێژینەوەكە بە ڕێژەی ٤٩,٣٣٪ ، ئەو كەسانەی كە تەمەنیان دەكەوێتە نێوان (١٨-٢٠)ساڵ، ژمارەیان ٤٤ كەسە بەڕێژەی ٢٩,٣٣٪ ، هەروەها ئەو كەسانەی كە تەمەنیان دەكەوێتە نێوان (٢٤-٢٦ساڵ، ژمارەیان ٢٧ كەسە بەڕێژەی ١٨٪ ، ئەوانەی كە تەمەنیان دەكەوێتە نێوان (٢٧-٢٩) ساڵ، ژمارەیان ٢ كەسە بەڕێژەی ١,٣٣٪ دواتر ئەو كەسانەی كە تەمەنیان دەكەوێتە نێوان (٣٠-٣٢)ساڵ، ژمارەیان ٣ كەسە بەڕێژە ٢٪ ، ناوەندی ژمێرەیی (الوسط الحسابي) بریتیە لە (٢٢,٠٣)ساڵ ئەمەش واتای ئەوەیە لە تەمەنی لاوی و پێگەیشتندان.

* بە نزیككردنەوەی ڕێژەی ٩٩,٩٩٪ لە ڕێژەی ١٠٠٪ هەروەها بۆ خشتەكانی داهاتوو.

### ٣- پسپۆڕی خوێندن:

**خشتەی (٣)**

**پسپۆڕیی خوێندن لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| ژ | پسپۆڕی خوێندن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | جوگرافیا | ٥٧ | ٣٨ |
| ٢ | مێژوو | ٦٠ | ٤٠ |
| ٣ | کۆمەڵناسی | ٣٣ | ٢٢ |
| کۆی گشتی | | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە خشتەی (٣)دا دەردەکەوێت نموونەی توێژینەوەکە بەسەر سێ پسپۆڕی خوێندندا دابەشبوون کە ئەوانیش بەشەکانی (جوگرافیاو مێژوو کۆمەڵناسی)ن، ٥٧ خوێندکار لەبەشی جوگرافیا وەرگیراوە بە ڕێژەی ٣٨٪ ، هەروەها بەشی مێژوو ٦٠ خوێندکارو بەڕێژەی ٤٠٪ ، بەشی کۆمەڵناسیش ٣٣ خوێندکارو بەڕێژەی ٢٢٪ ، هەروەك لە نموونەی توێژینەوەکەدا ئاماژەی بۆ کرا ئەم نموونەیە بەشێوەیەکی مەبەستدار لە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی کۆیە وەرگیراوە لەبەر نزیکی بابەتەکە لەگەڵ خوێندکارەکانی ئەم فاکەڵتیەدا.

### ٤- شوێنی نیشتەجێبوون:

**خشتەی (٤)**

**شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| ناوەندی پارێزگا | ٣٤ | ٢٢,٦٦ |
| ناوەندی قەزا | ٧٠ | ٤٦,٦٦ |
| ناوەندی ناحیە | ٢٩ | ١٩,٣٣ |
| گوند | ١٧ | ١١,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

هەروەك لەخشتەی (٤)دا دەردەکەوێت بەشێکی زۆر لە نموونەی توێژینەوەکە شوێنی نیشتەجێبوونیان دەکەوێتە ناوەندی قەزاوە کە ژمارەیان ٧٠ خوێندکارەو بەڕێژە ٤٦,٦٦٪ ئەویش لەبەر ئەوەیە کە توێژینەوەکە لە زانکۆی کۆیە ئەنجام دراوە، هەروەها ئەوانەی لە ناوەندی پارێزگا

نیشتەجێن ژمارەیان ٣٤ خوێندکارە بەڕێژەی ٢٢,٦٦٪ لە کۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، ئەوانەی کە لە ناوەندی ناحیە نیشتەجێن ژمارەیان ٢٩ خوێندکارە بەڕێژەی ١٩,٣٣٪ ، دواتر ئەو خوێندکارانەی کە دانیشتوی گوندن ژمارەیان ١٧ کەسە بەڕێژەی ١١,٣٣٪.

**٥- ئاستی خوێندەواری باوك:**

**خشتەی (٥)**

**ئاستی خوێندەواری باوك لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| پیشە | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٣٨ | ٢٥,٣٣ |
| دەخوێنێتەوەو دەنوسێت | ٢٨ | ١٨,٦٦ |
| سەرەتایی | ٣٢ | ٢١,٣٣ |
| ناوەندی | ٢١ | ١٤ |
| ئامادەیی | ١٤ | ٩,٣٣ |
| دبلۆم | ١١ | ٧,٣٣ |
| بەکالۆریۆس | ٥ | ٣,٣٣ |
| خوێندنی باڵا | ١ | ٠,٦٦ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە خشتەی (٥)دا دەردەکەوێت ئاستی خوێندەواری باوك لەلای نموونەی توێژینەوەکە بەم جۆرە بووە: ئەوانەی نەخوێندەوارن ژمارەیان ٣٨ کەسە لەکۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٢٥,٣٣٪ کە ئەمە بەرزترین ڕێژەیە بە بەراوورد لەگەڵ ئاستەکانی تری خوێندندا، هەروەها ئەوانەی کە هەتا قۆناغی سەرەتاییان خوێندووە ژمارەیان ٣٢ کەسە بەڕێژەی ٢١,٣٣٪ ، ئەوانەی کە تەنها دەتوانن بخوێننەوەو بنوسن ژمارەیان ٢٨ کەسە بەڕێژەی ١٨,٦٦٪ ، ئەوانەش کە هەتا قۆناغی ناوەندییان خوێندووە ژمارەیان ٢١ کەسە بەڕێژەی ١٤٪ ، پاشان ئەوانەی کە هەتا قۆناغی ئامادەییان خوێندووە ژمارەیان ١٤ کەسە بەڕێژەی ٩,٣٣٪ ، ئەوانەی کە ئاستی دبلۆمیان بەدەستهێناوە ژمارەیان ١١کەسە بەڕێژەی ٧,٣٣٪ ، هەروەها هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیش ژمارەیان ٥ کەسە بەڕێژەی ٣,٣٣٪ دواتر ئەوانەی کە خوێندنی باڵایان بەدەستهێناوە ژمارەیان تەنها ١ کەسە بەڕێژەی ٠,٦٦٪ لەکۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

**٦- ئاستی خوێندەواری دایك:**

**خشتەی ( ٦ )**

**ئاستی خوێندەواری دایك لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| پیشە | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٨٣ | ٥٥,٣٣ |
| دەخوێنێتەوەو دەنوسێت | ١٦ | ١٠,٦٦ |
| سەرەتایی | ٢٦ | ١٧,٣٣ |
| ناوەندی | ١٤ | ٩,٣٣ |
| ئامادەیی | ٣ | ٢ |
| دبلۆم | ٣ | ٢ |
| بەکالۆریۆس | ٤ | ٢,٦٦ |
| خوێندنی بالآ | ١ | ٠,٦٦ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە خشتەی (٦)دا دەردەکەوێت ئاستی خوێندەواری دایك لەلای نمونەی توێژینەوەکە بەم جۆرە بووە: ئەوانەی نەخوێندەوارن ژمارەیان ٨٣ کەسە لەکۆی یەکەکانی نمونە توێژینەوەکە بەڕێژەی ٥٥,٣٣٪ کە ئەمە بەرزترین ڕێژەیە بە بەراوورد لەگەڵ ئاستەکانی تردا، هەروەها ئەوانەی کە هەتا قۆناغی سەرەتاییان خوێندووە ژمارەیان ٢٦ کەسە بەڕێژەی ١٧,٣٣٪ ،ئەوانەی کە تەنها دەتوانن بخوێننەوەو بنوسن ژمارەیان ١٦ کەسە بەڕێژەی ١٠,٦٦٪ ، ئەوانەش کە هەتا قۆناغی ناوەندییان خوێندووە ژمارەیان ١٤ کەسە بەڕێژەی ٩,٣٣٪ ، ئەوانەی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان بەدەستهێناوە ژمارەیان ٤ کەسە بەڕێژەی ٢,٦٦٪ ، بەلآم هەریەك لە ئاستەکان ئامادەیی‌و دبلۆم ژمارەیان ٣ کەسە بەڕێژەی ٢٪ ، دواجار ئەوانەی کە خوێندنی بالآیان بەدەستهێناوە ژمارەیان ١ کەسە بەڕێژەی ٠,٦٦٪ لەکۆی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە.

### ٧- جۆری نیشتەجێبوون:

**خشتەی (٧)**

**جۆری نیشتەجێبوون لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| جۆری نیشتەجێبوون | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| موڵك | ١٣٣ | ٨٨,٦٦ |
| کرێ | ١١ | ٧,٣٣ |
| حکومی | ١ | ٠,٦٦ |
| هیتر | ٥ | ٣,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

هەروەك لە خشتەی (٧)دا دەرکەوتووە ژمارەیەکی زۆر لە نموونەی توێژینەوەکە جۆری نیشتەجێبوونیان موڵکە کە ژمارەیان ١٣٣ کەسە بەڕێژەی ٪٨٨,٦٦ لەکۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، پاشان ئەوانەی کە جۆری نیشتەجێبوونیان کرێیە ژمارەیان ١١کەسە بەڕێژەی ٪٧,٣٣ ،دواتر ئەوانەی کە جۆری نیشتەجێبوونیان جۆراوجۆرە ژمارەیان ٥ کەسە بەرێژەی ٪٣,٣٣ ، دواتر ئەوانەی کە جۆری نیشتەجێبوونیان حکومییە ژمارەیان تەنها ١ کەسە بەڕێژەی ٪٠,٦٦ لەکۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

### ج- خستنەڕوو شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتییەکان:

### ٨-أ ئارەزووی خوێندنەوەی دەرەکی:

**خشتەی (٨) / أ**

**ئارەزووی خوێندنەوەی دەرەکی لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| ئایا ئارەزووت لە خوێندنەوەی دەرەکی هەیە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧٥ | ٥٠ |
| تاڕادەیەك | ٥٦ | ٣٧,٣٣ |
| نەخێر | ١٩ | ١٢,٦٦ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (٨)/أ کە خاڵی یەکەمە لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە نموونەی توێژینەوەکە ئارەزوویان بۆ خوێندنەوە دەرەکی هەیەو بە بەڵێو تاڕادەیەك وەڵامیان

داوەتەوە کە ژمارەیان ١٣١ کەسە بەڕێژەی ٨٧,٣٣٪ ، بەڵام ئەوانەی کە ئارەزوویان بۆ خوێندنەوەی دەرەکی نییە ژمارەیان ١٩کەسە بەڕێژەی ١٢,٦٦٪ ، کەواتە بەپێی ئەم پرسیارەبێت نمونەی توێژینەوەکە زۆرینەیان ئارەزوویان بۆ خوێندنەوەی دەرەکی هەیە.

### ٨-ب/ هۆکاری نەبوونی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە:

**خشتەی (٨) / ب**

**هۆکاری نەبوونی ئارەزوو بۆ خوێندنەوەی دەرەکی لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| هۆکارەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بە خوێندنەوە ڕانەهاتووم | ٦ | ٣١,٥٧ |
| ناتوانم لەو شتانە تێبگەم کە دەیخوێنمەوە | ٥ | ٢٦,٣١ |
| نەبوونی بابەتی سەرنجڕاکێش بۆ خوێندنەوە | ٤ | ٢١,٠٥ |
| هۆکاری تر | ٤ | ٢١,٠٥ |
| کۆی گشتی | ١٩ | ٪١٠٠ |

هەروەك لەخشتەی (٨)/ب دا ڕوون کراوەتەوە ئەوانەی کە ئارەزووی خوێندنەوەی دەرەکییان نییە چەند هۆکارێك وای لێکردوون کە دووربکەونەوە لە خوێندنەوەی دەرەکی، هەروەك دەرکەوتووە ٦کەس لە نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٣١,٥٧٪ ڕانەهاتوون بە خوێندنەوە، دواتر ٥کەس بەڕێژەی ٢٦,٣١٪ ناتوانن لەو شتانە تێبگەن کە دەیخوێننەوە، پاشان ٨ بەڕێژەی ٢١,٠٥٪ لەبەر نەبوونی بابەتی سەرنجڕاکێش‌و چەند هۆکارێکی تر دوورکەوتونەتەوە لە خوێندنەوەی دەرەکی.

### ٩- هەنگاونانی کرداری بۆ گەشە پێدانی خوێندنەوە:

**خشتەی (٩)**

**هەنگاونانی کرداری بۆ گەشە پێدانی خوێندنەوە لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| ئایا هیچ هەنگاوێکی کرداریت ناوە بۆ گەشەپێدانی خوێندنەوە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣١ | ٢٠,٦٦ |
| تاڕادەیەك | ١٠٠ | ٦٦,٦٦ |
| نەخێر | ١٩ | ١٢,٦٦ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

لەخشتەی (٩)دا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە ئایا نموونەی توێژینەوەکە هەنگاوی کردارییان ناوە بۆ گەشەپێدانی خوێندنەوە؟ هەروەك دەرکەوتووە کە ١٣١ کەس لە نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٨٧,٣٢٪ بە بەڵێ‌و تاڕادەیەك وەڵامیان داوەتەوەو هەنگاوی کردارییان ناوە بۆ گەشەپێدانی خوێندنەوە، بەڵام ١٩کەس بەڕێژەی ١٢,٦٦٪ هەنگاوی کردارییان نەناوە بۆ گەشەپێدانی خوێندنەوە، کەواتە دەردەکەوێت کە زۆرینەیان هەنگاویان بەرەو خوێندنەوەی دەرەکی ناوە.

### ١٠- پراکتیزەکردنی خوێندنەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو:

**خشتەی (١٠)**

**پراکتیزەکردنی خوێندنەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| ئایا بەشێوەیەکی ڕێکخراو پراکتیزەی خوێندنەوە دەکەیت؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٣ | ١٥,٣٣ |
| تاڕادەیەك | ٧٣ | ٤٨,٦٦ |
| نەخێر | ٥٤ | ٣٦ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی (١٠) کە خاڵی دووەمە لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، باس لەوە دەکات کە ئایا خوێندکارانی زانکۆ بەشێوەیەکی ڕێکخراو پراکتیزەی خوێندنەوە دەکەن؟ لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە ٩٦ کەس بەڕێژەی ٦٣,٩٩٪ بە بەڵێ‌و تاڕادەیەك وەڵامیان داوەتەوەو بەشێوەیەکی ڕێکخراو پراکتیزەی خوێندنەوە دەکەن، لە بەرامبەردا ئەوانەی کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو پراکتیزەی خوێندنەوە ناکەن ژمارەیان ٥٤ کەسە بەڕێژەی ٣٦٪ ، کەواتە دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆر لە خوێندکاران بەشێوەیەکی ڕێکخراو پراکتیزەی خوێندنەوەی دەرەکی دەکەن.

### ١١- تێکڕای کاتژمێرەکانی خوێندنەوەی هەفتانە :

**خشتەی (١١)**

**تێکڕای کاتژمێرەکانی خوێندنەوەی هەفتانە لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| هەفتانە چەند کاتژمێر دەخوێنیتەوە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| ١-٢ کاتژمێر | ٨٢ | ٥٤,٦٦ |
| ٣-٤ کاتژمێر | ٢٨ | ١٨,٦٦ |
| ٥-٦ کاتژمێر | ٢٦ | ١٧,٣٣ |
| ٧-٨ کاتژمێر | ١٤ | ٩,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی (١١) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە تێکڕای کاتژمێرەکانی خوێندنەوە لەلای نموونەی توێژینەوەکە چەندن، دەرکەوت ئەوانەی ١-٢ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا دەخوێننەوە ژمارەیان ٨٢ کەسە بەڕێژەی ٥٤,٦٦٪ لەکۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، ئەوانەی کە ٣-٤ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا دەخوێننەوە ژمارەیان ٢٨ کەسە بەڕێژەی ١٨,٦٦٪ ، پاشان ئەوانەی کە ٥-٦ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا دەخوێننەوە ژمارەیان ٢٦ کەسە بەڕێژەی ١٧,٣٣٪ دواتر ئەوانەی کە ٧-٨ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا دەخوێننەوە ژمارەیان ١٤کەسە بەڕێژەی ٩,٣٣٪. کەواتە دەرکەوت کە نیوەی زیاتری نموونەی توێژینەوەکە لە هەفتەیەکدا ١-٢ کاتژمێر دەخوێننەوە.

### ١٢- کاتی گونجاو بۆ خوێندنەوە:

**خشتەی (١٢)**

**کاتی گونجاو بۆ خوێندنەوە لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| کاتی گونجاوت بۆ خوێندنەوە چ کاتێکە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەیانیان | ١٤ | ٩,٣٣ |
| نیوەڕوان | ٧ | ٤,٦٦ |
| عەسر | ٢٣ | ١٥,٣٣ |
| ئێوارەو شەو | ٦٤ | ٤٢,٦٦ |
| پێش نوستن | ٤٢ | ٢٨ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

هەروەك لە خشتەی (١٢)دا ڕوون کراوەتەوە کە ئایا کـاتی گونجـاوی خوێنـدکار بـۆ خوێندنـەوە چ کاتێکە، دەرکەوت کە ٦٤ کـەس بەڕێـژەی ٤٢,٦٦٪ لـە نموونـەی توێژینەوەکـە کـاتی خوێندنـەوەیان ئێوارانو شەوە، ئەوانەی کە پێش نوستن دەخوێننەوە ژمارەیـان ٤٢ کەسـە بەڕێـژەی ٢٨٪ ، هـەروەها ئەوانەی کە عەسران دەخوێننـەوە ژمارەیـان ٢٣کەسـە بەڕێـژەی ١٥,٣٣٪ ، ئـەو خوێندکارانـەی کـە بەیانیان دەخوێننەوە ژمارەیان ١٤ کەسە بەڕێژەی ٩,٣٣٪ ، دواتر ئەوانەش کە نیـوەڕوان دەخوێننـەوە ژمارەیان ٧ کەسە بەڕێژەی ٤,٦٦٪. کەواتە دەرکەوت کە بەشێکی زۆر لە نموونەی توێژینەوەکـە کـاتی خوێندنەوەیان دەکەوێتە ئێوارەو شەو بەڕێژەی ٤٢,٦٦٪.

**١٣- ئەو سەرچاوانەی کە نموونەی توێژینەوەکە ئارەزووی خوێندنەوەی دەکەن:**

**خشتەی (١٣)**

**ئەو سەرچاوانە نیشان دەدات کە نموونەی توێژینەوەکە ئارەزووی خوێندنەوەی دەکەن**

| زیاتر ئارەزووت لەکام لەم سەرچاوانە هەیە بۆ خوێندنەوە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| گۆڤار | ٣١ | ٢٠,٦٦ |
| ڕۆژنامە | ١٨ | ١٢ |
| پەرتوك | ٧٨ | ٥٢ |
| سایت | ٢٣ | ١٥,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی (١٣) ئەو سەرچاوانە ڕوون دەکاتـەوە کـە نموونـەی توێژینەوەکـە ئـارەزووی خوێندنـەوەی دەکـەن، دەرکـەوت ٧٨ کـەس بەڕێـژەی ٥٢٪ پـەرتوك دەخوێننـەوە، هـەروەها ٣١ کـەس بەڕێـژەی ٢٠,٦٦٪ گۆڤار دەخوێننـەوە، ٢٣ کەسـیش بەڕێـژەی ١٥,٣٣٪ لـە سـایتەکانەوە زانیـاری بەدەسـت دەهێنن، هەروەها ١٨ کەس بەڕێژەی ١٢٪ ڕۆژنامە دەخوێننەوە، کەواتە دەرکـەوت کـە بەشـێکی زۆر لە خوێندکاران ئارەزووی خوێندنەوەی پەرتوك دەکەن کە ٥٢٪ لە کۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکـە پێك دەهێنێت.

## ١٤- ئەو بابەتانەی کە نموونەی توێژینەوەکە ئارەزووی خوێندنەوەی دەکەن:

**خشتەی (١٤)**

**ئەو بابەتانە نیشان دەدات کە نموونەی توێژینەوەکە ئارەزووی خوێندنەوەی دەکەن**

| ئەو بابەتانە چین کە ئارەزووی خوێندنەوەیان دەکەیت؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| زانستی | ٢٤ | ١٦ |
| پەروەردەیی | ١١ | ٧,٣٣ |
| مێژوویی | ٢٨ | ١٨,٦٦ |
| کۆمەڵایەتی | ٣٨ | ٢٥,٣٣ |
| شەرعی | ١٣ | ٨,٦٦ |
| ئاینی | ١٨ | ١٢ |
| فیکری | ١٠ | ٦,٦٦ |
| بابەتی ئەدەبی | ٨ | ٥,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی (١٤) ئەو بابەتانە نیشان دەدات کە نموونەی توێژینەوەکە ئارەزووی خوێندنەوەی دەکەن، هەروەك لە خشتەکەدا دەرکەوتووە ٣٨ کەس لە نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٢٥,٣٣٪ ئارەزووی خوێندنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن، دواتر ٢٨ کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ١٨,٦٦٪ ئارەزووی خوێندنەوەی بابەتە مێژووییەکان دەکەن، ٢٤ کەس بەڕێژەی ١٦٪ ئارەزووی خوێندنەوەی بابەتە مێژووییەکان دەکەن، پاشان ١٨ کەس بەڕێژەی ١٢٪ ئارەزووی خوێندنەوەی بابەتە ئاینیەکان دەکەن، دواتر ١١ کەس بەڕێژەی ٧,٣٣٪ ئارەزووی خوێندنەوەی بابەتە پەروەردەییەکان دەکەن، دواتر ١٠کەس بەڕێژەی ٦,٦٦٪ ئارەزووی خوێندنەوەی بابەتە فیکرییەکان دەکەن، هەروەها ٨کەس بەڕێژەی ٥,٣٣٪ ئارەزووی خوێندنەوەی بابەتە ئەدەبییەکان دەکەن. کەواتە دەرکەوت کە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان خوێنەرێکی زیاتریان هەیە بەڕێژەی ٢٥,٣٣٪ لەکۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

**١٥- خوێندنەوەی کتێب بە زمانە جیاوازەکان:**

**خشتەی (١٥)**

**خوێندنەوەی کتێب بە زمانە جیاوازەکان لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| بەچەند زمان کتێب دەخوێنیتەوە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| کوردی | ١٣٥ | ٩٠ |
| عەرەبی | ٦ | ٤ |
| ئینگلیزی | ٦ | ٤ |
| فارسی | ٣ | ٢ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە خشتەی (١٥)دا ڕوون کراوەتەوە کە ئایا خوێندکارانی زانکۆ بە چەند زمان کتێب دەخوێننەوە؟ دەرکەوت کە ١٣٥ خوێندکار بەڕێژەی٩٠٪ لەکۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی دەخوێننەوە، پاشان ئەوانەی بە زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی دەخوێننەوە ژمارەیان تێکڕا ١٢کەسە بەڕێژەی ٨٪ ، پاشان ئەوانەی بە زمانی فارسی دەخوێننەوە ژمارەیان ٣ کەسە بەڕێژەی ٢٪ ، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە تەنها بە زمانی کوردی دەتوانن بخوێننەوە کە ئەمەش دەکرێ وەك خاڵێکی لاوازی خوێندکار تەماشای بکرێت لەبەرئەوەی تەنها بە یەك زمان دەتوانێت زانیاری وەربگرێت.

**١٦- پاڵنەرەکانی خوێندنەوە:**

**خشتەی (١٦)**

**پاڵنەرەکانی خوێندنەوە لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| ئەو شتانە چین کە پاڵت پێوە دەنێن بۆ ئەنجامدانی خوێندنەوە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| گەشەپێدان‌و زیادبوونی لێهاتویی | ٧٩ | ٥٢,٦٦ |
| بەسەربردنی کاتی دەست بەتاڵی | ٣٩ | ٢٦ |
| خۆشویستنی زانست | ٢٧ | ١٨ |
| هیتر... | ٥ | ٣,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی (١٦)کە خاڵی سێیەمە لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە ئەو شتانە چین پاڵ بە خوێندکارەوە دەنێن بۆ خوێندنەوە، هەروەك دەردەکەوێت ٧٩ کەس بەرێژەی ٥٢,٦٦٪ لە نموونەی توێژینەوەکە بە مەبەستی گەشەپێدانو زیادبوونی لێهاتویی دەخوێننەوە، هەروەها ٣٩ کەس بەرێژەی ٢٦٪ بۆ بەسەربردنی کاتی دەست بەتاڵی دەخوێننەوە، دواتر ٢٧ کەس بەرێژەی ١٨٪ بەمەبەستی خۆشویستنی زانست دەخوێننەوە، پاشان ٥ کەس بەرێژەی ٣,٣٣٪ بۆ مەبەستی تر دەخوێننەوە. کەواتە دەرکەوت کە بەشێکی زۆری نموونەی توێژینەوەکە بۆ گەشەپێدانو زیادبوونی لێهاتویی دەخوێننەوە کە ژمارەیان ٧٩کەسە بەرێژەی ٥٢,٦٦٪.

**١٧- سەردانیکردنی کتێبخانە :**

**خشتەی (١٧)**

**سەردانیکردنی کتێبخانە لەلایەن نموونەی توێژینەوەکەوە نیشان دەدات**

| ئایا سەردانی کتێبخانە دەکەیت؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٩١ | ٦٠,٦٦ |
| نەخێر | ٥٩ | ٣٩,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە خشتەی (١٧)دا دەرکەوتووە کە ئایا خوێندکاری زانکۆ سەردانی کتێبخانە دەکات یاخود نا، ٩١کەس بەرێژەی ٦٠,٦٦٪ وەك دەڵێن سەردانی کتێبخانە دەکەن، لە بەرامبەردا ٥٩کەس بەرێژەی ٣٩,٣٣٪ سەردانی کتێبخانە ناکەن، مەبەستی ئەم پرسیارە لەوەدایە کە ئایا خوێندکار تاچەند ئاشنایی لەگەڵ کتێبو کتێبخانەدا هەیە، لێرەدا وەك دەردەکەوێت کە ڕێژەیەکی بەرچاو دەچنە کتێبخانە.

**١٨- کڕینو خواستنی کتێب :**

**خشتەی (١٨)**

**ئارەزووی نموونەی توێژینەوەکە بۆ کڕینو خواستنی کتێب نیشان دەدات**

| ئایا زیاتر ئارەزوو لە کڕینی کتێب دەکەیت یان خواستنی؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| کڕین | ٤٣ | ٢٨,٦٦ |
| خواستن | ١٠٧ | ٧١,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی (١٨) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئایا نموونەی توێژینەوەکە زیاتر ئارەزووی کڕینی کتێب دەکەن یاخود خواستنی کتێب، دەرکەوت کە تەنها ٤٣ کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کتێب دەکڕن کە ڕێژەیان ٢٨,٦٦٪ لە بەرامبەردا ١٠٧ کەس بەڕێژەی ٧١,٣٣٪ کتێب دەخوازن، کەواتە لە ئەنجامدا دەردەکەوێت کە دەشێت بەهۆی گرانی نرخی کتێبەکانو نزمی ئاستی دارایی خوێندکارانەوە ئارەزوو لە خواستنی کتێب بکەنو لە کڕینی دووربکەونەوە.

### ١٩- بڕی پارەی خەرجکراو بۆ کتێب:

**خشتەی (١٩)**

**بڕی پارەی خەرجکراو بۆ کتێب لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| ئەو بڕە پارەیە چەندە کە مانگانە لە کڕینی کتێبدا خەرجی دەکەیت؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| کەمتر لە ٢٠ هەزار دینار | ١٠٨ | ٧٢ |
| ٢١ هەزار- ٣٠ هەزار دینار | ٢٧ | ١٨ |
| ٣١ هەزار-٤٠هەزار دینار | ١٠ | ٦,٦٦ |
| ٤١ هەزار-٥٠ هەزار دینار | ٣ | ٢ |
| زیاتر لە٥٠ هەزار دینار | ٢ | ١,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

لەخشتەی (١٩)دا ئاماژە بۆ ئەو بڕە پارەیە کراوە کە خوێندکاری زانکۆ مانگانە لە کڕینی کتێبدا خەرجی دەکات، وەك دەردەکەوێت ١٠٨ کەس لە نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٧٢٪ مانگانە کەمتر لە ٢٠ هەزار دینار لە کڕینی کتێبدا خەرج دەکەن، پاشان ٢٧کەس بەڕێژەی ١٨٪ ٢١-٣٠ هەزار دینار لە کڕینی کتێبدا خەرج دەکەن، هەروەها ١٠ کەس لە نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٦,٦٦٪ ٣١-٤٠هەزار دینار مانگانە لە کڕینی کتێبدا خەرج دەکەن، دواتر ٣ کەس لە نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٢٪ ٤١-٥٠ هەزار دینار مانگانە لە کڕینی کتێبدا خەرج دەکەن، دواجار تەنها ٢کەس بەڕێژەی ١,٣٣٪ زیاتر لە ٥٠ هەزار دینار مانگانە لە کڕینی کتێبدا خەرج دەکەن. کەواتە دەرکەوت کە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە لە مانگێکدا کەمتر لە ٢٠ هەزار دینار لە کڕینی کتێبدا خەرج دەکەن کە ژمارەیان ١٠٨ کەسە بەڕێژەی ٧٢٪.

**٢٠-أ/ دروستبوونی بەربەست لە پەیداکردنی سەرچاوە:**

**خشتەی (٢٠) / أ**

**دروستبوونی بەربەست لە پەیداکردنی سەرچاوە لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| ئایا لە پەیداکردنی ئەو بابەتانەی کە حەز بە خوێندنەوەیان دەکەیت بەربەست هاتۆتە ڕێگەت؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥١ | ٣٤ |
| تاڕادەیەك | ٧٣ | ٤٨,٦٦ |
| نەخێر | ٢٦ | ١٧,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

لەخشتەی (٢٠)/أ دا دەردەکەوێت تاچەند بەربەست لەبەردەم پەیداکردنی سەرچاوەکاندا هاتۆتە بەردەم خوێندکار، لە ئاکامدا دەرکەوت کە ١٢٤ کەس بەڕێژەی ٨٢,٦٦٪ لەکۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەڵێن لە پەیداکردنی ئەو بابەتانەی کە حەز بە خوێندنەوەی دەکەن بەربەست هاتۆتە ڕێگەیان، لە بەرامبەردا ٢٦کەس بەڕێژەی ١٧,٣٣٪ دەڵێن لە پەیداکردنی بابەتەکاندا هیچ بەربەستێك نەهاتۆتە ڕێگەیان، کەواتە دەردەکەوێت کە خوێندکاری زانکۆ وەك پێویست دەستی بە سەرچاوەکاندا ناگات بۆ خوێندنەوە ئەمەش وەڵامی ٨٢,٦٦٪ نموونەی توێژینەوەکەیە.

**٢٠-ب/ جۆری ئەو بەربەستانەی کە دێنەڕێی پەیداکردنی سەرچاوە:**

**خشتەی (٢٠) / ب**

**نیشاندانی ئەو بەربەستانەی کە دێتە بەردەم پەیداکردنی سەرچاوە لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| بەربەستەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| کەمی سەرچاوەکان | ١٥ | ٢٩,٤١ |
| گرانی نرخیان | ١٣ | ٢٥,٤٩ |
| کەمی کتێبخانەکان | ١٢ | ٢٣,٥٢ |
| هەموویان | ١١ | ٢١,٥٦ |
| کۆی گشتی | ٥١ | ٪١٠٠ |

خشتەی (٢٠)/ب ئاماژە بۆ ئەو بەربەستانە دەکات کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم خوێندکاردا لەئاست پەیداکردنی سەرچاوەدا، هەروەك دەردەکەوێت ١٥کەس بەڕێژەی ٢٩,٤١٪ دەڵێن بەهۆی کەمی سەرچاوەکانەوە بەربەستی خوێندنەوەیان بۆ دروستبووە، دوار ١٣کەس بەڕێژەی ٢٥,٤٩٪ دەڵێن بەهۆی گرانی نرخەوە دەستیان بە سەرچاوەکاندا ناگاتو کۆسپیان بۆ دروست دەبێت، پاشان ١٢کەس بەڕێژەی ٢٣,٥٢٪ دەڵێن بەهۆی کەمی کتێبخانەکانەوە دەستیان بە سەرچاوەکاندا ناگات، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ١١کەس بەڕێژەی ٢١,٥٦٪ دەڵێن هەموو هۆکارەکان بەشدارن لە دروستکردنی کۆسپ بۆ دەستنەکەوتنی سەرچاوەی پێویست.

## ٢١- خوێندنەوە وەك فاکتەرێکی گرنگی فێربوون:

**خشتەی (٢١)**

**خوێندنەوە وەك فاکتەرێکی گرنگی فێربوون لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| بەڕای تۆ خوێندنەوەی دەرەکی فاکتەرێکی گرنگی فێربوونە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٥ | ٧٠ |
| تارادەیەك | ٣٦ | ٢٤ |
| نەخێر | ٩ | ٦ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

لەخشتەی (٢١)دا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە ئایا لە دیدی خوێندکاری زانکۆدا خوێندنەوەی دەرەکی فاکتەرێکی گرنگە بۆ فێربوون؟ لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ١٤١ کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٩٤٪ دەڵێن خوێندنەوەی دەرەکی فاکتەرێکی گرنگی فێربوونە، لەبەرامبەردا تەنها ٩ کەس بەڕێژەی ٦٪ دەڵێن کە خوێندنەوەی دەرەکی فاکتەرێکی گرنگی فێربوون نییە، کەواتە لە زۆرینەی وەڵامەکاندا دەردەکەوێت کە خوێندنەوەی دەرەکی فاکتەرێکی گرنگی فێربوونە چونکە ٩٤٪ نموونەی توێژینەوەکە جەختی لەسەر دەکەنەوە.

## ٢٢- كاریگەری خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرکردن لەسەر گەشە پێدانی کۆمەڵگە :

**خشتەی ( ٢٢ )**

**کاریگەری خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرکردن لەسەر گەشە پێدانی کۆمەڵگە لەلای نموونە توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| ئایا خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرکردن کاریگەری هەیە لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵگە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٥ | ٨٣,٣٣ |
| تاڕادەیەك | ٢٣ | ١٥,٣٣ |
| نەخێر | ٢ | ١,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە خشتەی (٢٢)دا دەرکەوتووە کە ئایا خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرکردن کاریگەری هەیە لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵگە؟ لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ١٤٨ کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٩٨,٦٦٪ پێیان وایە بەڵێ خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرکردن کاریگەری هەیە لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵگە، لەبەرامبەردا تەنها ٢کەس بەڕێژەی ١,٣٣٪ ڕەتی ئەو بۆچوونە دەکەنەوە، کەواتە دەردەکەوێت کە خوێندکاری زانکۆ بایەخی خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرکردن دەزانێت چونکە ٩٨,٦٦٪ جەختیان لەسەر کردۆتەوە، کەواتە پێویستە هەوڵێکی دڵسۆزانە هەبێت تا بنەماکانی خوێندنەوە بکرێت بە کولتورو بەنێو کۆمەڵگەدا بڵاوببێتەوە لەبەرئەوەی خوێندنەوە تاكو کۆمەڵگە بەرەو پێش دەباتو لە چەقبەستوویی ڕزگاری دەکات.

## ٢٣- هەستکردن بە کەمتەرخەمی لەئاست خوێندنەوە:

**خشتەی ( ٢٣ )**

**هەستکردن بە کەمتەرخەمی لەئاست خوێندنەوە لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| ئایا هەست بە کەمتەرخەمی دەکەیت لە ئاست خوێندنەوەدا ؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٤ | ٥٦ |
| تاڕادەیەك | ٥٥ | ٣٦,٦٦ |
| نەخێر | ١١ | ٧,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی (٢٣) کە خاڵی چوارەمە لە ئامانجـەکانی توێژینەوەکـە، ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە ئایـا خوێندکاری زانکۆ لەئاست خوێندنەوەدا هەست بە کەمتەرخەمی دەکات؟ لەوەڵامـدا دەردەکـەوێت کـە ١٣٩ کەس بەڕێژەی ٩٢,٦٦٪ دەڵێن بەڵێ لە ئاست خوێندنەوەدا هەست بە کەمتەرخەمی دەکەین، لە بەرامبەردا تەنها ١١کەس‌و بەڕێژەی ٧,٣٣٪ دەڵێن کە هەست بە کەمتەرخەمی ناکەن، کەواتە لێـرەدا بۆمـان دەردەکـەوێت کـە زۆرینـەی نمونـەی توێژینەوەکـە وەك پێویـست ناخوێننـەوەو خوێندنـەوەیان نەکردووە بە ئامانجی سەرەکی لە ژیاندا کە لەڕاستیدا پێویـستە خوێنـدکار شانبەشـانی پرۆگرامـەکانی خوێندن ئاگاداری ئەو بڵاوکراوە جۆراوجۆرانە بێت کە ڕۆژانە بڵاودەبنەوە.

**٢٤- خوێندنەوەی کتێب لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە:**

**خشتەی (٢٤)**

**خوێندنەوەی کتێب لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| ئایا کتێب لە ئینتەرنێتەوە دەخوێنیتەوە؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٢ | ٤١,٣٣ |
| نەخێر | ٨٨ | ٥٨,٦٦ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی (٢٤) ئەوە نیشان دەدات کە ئایا نمونـەی توێژینەوەکـە لەڕێگـەی ئینتەرنێتـەوە کتێـب دەخوێننەوە یاخود نەخێر، دەرکەوت کە ٦٢ کەس لە کـۆی یەکـەکانی نمونـەی توێژینەوەکـە بەڕێـژەی ٤١,٣٣٪ لەڕێگـەی ئینتەرنێتـەوە کتێـب دەخوێننـەوە، لەبەرامبـەردا ٨٨کـەس بەڕێـژەی ٥٨,٦٦٪ لەکۆی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە لەڕێی ئینتەرنێتەوە کتێب ناخوێننەوە، کەواتە دەردەکەوێت کـە خوێندکاران هەریەك بەپێی ئەو ئارەزووەی کە لە خوێندنەوەدا هەیەتی پراکتیزەی خوێندەوە دەکات.

## ٢٥- هاندانی خولیای خوێندنەوە:

**خشتەی ( ٢٥ )**

**هاندانی خولیای خوێندنەوە لەلای نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات**

| ئەگەر خولیای خوێندنەوەت هەیە سەرەتا کێ هانی دای؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| دایك | ٢١ | ١٤ |
| باوك | ٣٢ | ٢١,٣٣ |
| مامۆستا | ٥٢ | ٣٤,٦٦ |
| هاوڕێ | ٢٥ | ١٦,٦٦ |
| کەسانی تر | ٢٠ | ١٣,٣٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

لەخشتەی (٢٥)دا دەردەکەوێت خوێندکاران هەریەکەو لەلایەن کەسێکەوە هاندراون بۆ خوێندنەوە، هەروەك دەرکەوتووە ٥٢کەس لە کۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٣٤,٦٦٪ دەڵێن مامۆستا هاندەریان بووە لە خوێندنەوەدا، پاشان ٣٢کەس بەڕێژەی ٢١,٣٣٪ دەڵێن باوك هاندەریان بووە لە خوێندنەوەدا، هەروەها ٢٥کەس بەڕێژەی ١٦,٦٦٪ دەڵێن هاوڕێ هاندەریان بووە لە خوێندنەوەدا، دواتر ٢١ کەس بەڕێژەی ١٤٪ دەڵێن دایك هاندەریان بووە لە خوێندنەوەدا، دواجار ٢٠ کەسو بەڕێژەی ١٣,٣٣٪ دەڵێن کەسانی تر هاندەریان بووە لە خوێندنەوەدا. بەم پێیە دەردەکەوێت کە هاندەری یەکەم لای نموونەی توێژینەوەکە مامۆستایە چونکە ٥٢کەس لەکۆی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە جەختی لەسەر دەکەنەوە، کەواتە پێویستە مامۆستا هەمیشە هاندەرو ڕێ نیشاندەری زانستو پێشکەوتن بێت بۆ خوێندکارو تەواوی ئەندمانی تری کۆمەڵگەش.

## ٢٦- ئەو بابەتانەی کە مرۆڤی بەتوانا دروست دەکات:

**خشتەی ( ٢٦ )**

**بۆچونی نموونەی توێژینەوەکە دەربارەی ئەو بابەتانەی کە مرۆڤی بەتوانا دروست دەکات**

| بە بڕوای تۆ خوێندنەوەی کام لەم بابەتانە مرۆڤی بەتوانا دروست دەکات؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| زانستی | ٣٧ | ٢٤,٦٦ |
| پەروەردەیی | ٣٣ | ٢٢ |
| مێژوویی | ١٢ | ٨ |
| کۆمەڵایەتی | ٢٠ | ١٣,٣٣ |
| شەرعی | ١٧ | ١١,٣٣ |
| فیکری | ٢٧ | ١٨ |
| هیتر | ٤ | ٢,٦٦ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

لەخشتەی (٢٦)دا چەند بابەتێك خراوەتەڕوو بۆ ئەوەی بزانرێت کامیان زیاتر مرۆڤی بە توانا دروست دەکات لەڕووی زانستو زانیارییەوە، هەروەك دەرکەوتووە کە بابەتە زانستییەکان پلەی یەکەمیان وەرگرتووە هەروەك ٣٧کەس بەڕێژەی ٢٤,٦٦٪ بابەتە زانستییەکانیان هەڵبژاردووە، پاشان بابەتە پەروەردەییەکان پلەی دووەم وەردەگرێت هەروەك دەرکەوتووە کە ٣٣کەس بەڕێژەی ٢٢٪ ئاماژەیان بۆ کردووە، بابەتە فیکرییەکان پلەی سێیەم وەردەگرێت چونکە ٢٧کەس بەڕێژەی ١٨٪ ئاماژەیان بۆ کردووە، لە پلەی چوارەمدا بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دێت لەکاتێکدا ٢٠کەس بەڕێژەی ١٣,٣٣٪ ئاماژەیان بۆ کردووە، دواتر بابەتە شەرعییەکان دێت کە ١٧کەسو بەڕێژەی ١١,٣٣٪ جەختیان لەسەر کردۆتەوە، پاشان بابەتە مێژووییەکان دێت کە ١٢کەسو بەڕێژەی ٨٪ ئاماژەیان بۆ کردووە، لە کۆتاییدا ٤کەس لە نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٢,٦٦٪ ئاماژەیان بۆ بابەتی تر کردووە.

کەواتە بابەتە زانستییەکان لەم پرسیارەدا پلەی یەکەم وەردەگرن چونکە ٣٧کەسو بەڕێژەی ٢٤,٦٦٪ ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە بابەتە زانستییەکان مرۆڤی بەتوانا دروست دەکات پاشان بابەتەکانی تر هەریەکەو بەپێی گرنگی خۆی ڕیزبەندی لەلای نموونەی توێژینەوەکە وەرگرتووە.

**٢٧- کەمتەرخەمی خوێندکارانی زانکۆ لە ئاست خوێندنەوەدا :**

**خشتەی ( ٢٧ )**

**بۆچونی نموونەی توێژینەوەکە دەربارەی کەمتەرخەمی خوێندکارانی زانکۆ لە ئاست خوێندنەوەدا نیشان دەدات**

| بەڕای تۆ ئایا خوێندکارانی زانکۆ کەمتەرخەمن لە ئاست خوێندنەوەدا ؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٨ | ٥٨,٦٦ |
| تاڕادەیەك | ٥٣ | ٣٥,٣٣ |
| نەخێر | ٩ | ٦ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

هەروەك لە خشتەی (٢٧)دا دەرکەوتووە ڕای خوێندکارانی زانکۆ چۆنە سەبارەت بە کەمتەرخەمییان لەئاست خوێندنەوەدا، دەرکەوت کە ١٤١کەس بەڕێژەی ٩٣,٩٩٪ پێیان وایە کەمتەرخەمن لەئاست خوێندوەدا، لەبەرامبەردا تەنها ٩کەسو بەڕێژەی ٦٪ پێیان وایە کە لە ئاست خوێندنەوەدا کەمتەرخەم نین، کەواتە زۆرینەی خوێندکارانی زانکۆ هەست بە کەمتەرخەمی دەکەن لە ئاست خوێندنەوەدا کە ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ پاشەڕۆژی کۆمەڵگەکەمان چونکە کەمتەرخەمی لە ئاست خوێندنەوەدا بە مانای کەمتەرخەمی دێت لەئاست فێربوونی زانستو زانیاریدا، چونکە خوێندنەوە پێویستیەکی گرنگو هەمیشەییە لەژیانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەدا.

## ٢٨- ئاسانكاری زانكۆ بۆ خوێندكاران سەبارەت بە گەشە پێدانی خوێندنەوە:

**خشتەی ( ٢٨ )**

**بۆچونی نموونەی توێژینەوەكە دەربارەی ئاسانكاری زانكۆ بۆ خوێندكاران سەبارەت بە گەشە پێدانی خوێندنەوە لەلایان نیشان دەدات**

| ئایا زانكۆ توانیویەتی ئاسانكاری بۆ خوێندكاران بكات بۆ گەشەپێدانی خوێندنەوە لەلایان؟ | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٩ | ١٢,٦٦ |
| تاڕادەیەك | ٦٨ | ٤٥,٣٣ |
| نەخێر | ٦٣ | ٤٢ |
| كۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠٪ |

هەروەك لە خشتەی (٢٨)دا ڕوونكراوەتەوە، ئایا زانكۆ توانیویەتی ئاسانكاری بۆ خوێندكاران بكات بۆ گەشەپێدانی خوێندنەوە لەلایان، لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەركەوت كە ٨٧كەسو بەڕێژەی ٥٧,٩٩٪ لە نموونەی توێژینەوەكە بە بەڵێو تاڕادەیەك وەڵامیان داوەتەكە كە بەڵێ زانكۆ كارئاسانی بۆ خوێندنەوە كردووە وەك هەبوونی كتێبخانەی ناوەندی لە زانكۆداو كردنەوەی پێشانگای كتێب لەنێو فاكەڵتیەكاندا، لەبەرامبەردا ٦٣ كەسو بەڕێژەی ٤٢٪ دەڵێن زانكۆ كارئاسانی نەكردووە بۆ خوێندنەوە چونكە كتێبخانەی زانكۆ وەك پێویست سەرچاوەی تێدانییەو كردنەوەی پێشانگاكانیش لەڕووی نرخەوە گونجاو نییە، بۆیە هەندێكیان ڕوونكردنەوەیان لەسەر وەڵامی ئەم پرسیارە نوسیوەو داوا لە زانكۆ دەكەن كە نرخی گونجاو بۆ ئەو كتێبانە دیاری بكات كە پێشانگاكان لە زانكۆدا دەیخەنەڕوو بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی بیكڕنو دەستیان پێی بگات.

## ٣- دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەو تاوتوێکردنی ئامانجەکان:

لەپاش خستنەڕووی ئەو زانیارییە ئامارییانەی کە تایبەت بوون بە "خوێندنەوەی دەرەکی لای خوێندکارانی زانکۆ" لێرەدا پێویستە ئەو دەرئەنجامانە بخەینەڕوو کە پەیوەستن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، دەرئەنجامەکانیش بریتین لەمانە:

١- دەربارەی ئەو ئامانجەی کە دەڵێت " هەوڵدان بۆ زانینی ئارەزووی خوێندنەوەی دەرەکی لای خوێندکاری زانکۆ " هەروەك لە خشتەی (٨)دا دەرکەوتووە ١٣١ کەس لە نموونەی توێژینەوەکە بەرێژەی ٨٧,٣٣٪ ئارەزووی خوێندنەوەی دەرەکییان هەیە، بەڵام ئەوانەی کە ئارەزوویان بۆ خوێندنەوەی دەرەکی نییە ژمارەیان ١٩کەسە بەرێژەی ١٢,٦٦٪ ، کەواتە بەپێی ئەم پرسیارەبێت نموونەی توێژینەوەکە زۆرینەیان ئارەزوویان بۆ خوێندنەوەی دەرەکی هەیە.

٢- دەربارەی ئەو ئامانجەی کە دەڵێت " ئایا خوێندکاری زانکۆ بە شێوەیەکی ڕێکخراو پراکتیزەی خوێندنەوە دەکات؟" هەروەك لە خشتەی (١١)دا دەرکەوتووە ٩٦ کەس بەرێژەی ٦٣,٩٩٪ بەشێوەیەکی ڕێکخراو پراکتیزەی خوێندنەوە دەکەن، لە بەرامبەردا ئەوانەی کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو پراکتیزەی خوێندنەوە ناکەن ژمارەیان ٥٤ کەسە بەرێژەی ٣٦٪ ، کەواتە دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆر لە خوێندکاران بەشێوەیەکی ڕێکخراو پراکتیزەی خوێندنەوەی دەرەکی دەکەن.

٣- دەربارەی ئەو ئامانجەی کە دەڵێت " هەوڵدان بۆ زانینی ئەو شتانەی، کە پاڵ بە خوێندکاری زانکۆوە دەنێن بۆ خوێندنەوە " هەروەك لە خشتەی (١٧)دا دەرکەوتووە ٧٩ کەس بەرێژەی ٥٢,٦٦٪ لە نموونەی توێژینەوەکە بە مەبەستی گەشەپێدانو زیادبوونی لێهاتویی دەخوێننەوە، هەروەها ٣٩ کەس بەرێژەی ٢٦٪ بۆ بەسەربردنی کاتی دەست بەتاڵی دەخوێننەوە، دواتر ٢٧ کەس بەرێژەی ١٨٪ بەمەبەستی خۆشویستنی زانست دەخوێننەوە، پاشان ٥ کەس بەرێژەی ٣,٣٣٪ بۆ مەبەستی تر دەخوێننەوە.

٤- دەربارەی ئەو ئامانجەی کە دەڵێت " ئایا خوێندکاری زانکۆ لە ئاست خوێندنەوەدا هەست بە کەمتەرخەمی دەکات " هەروەك لە خشتەی (٢٥)دا دەرکەوتووە کە ١٣٩ کەس بەرێژەی ٩٢,٦٦٪ دەڵێن بەڵێ لە ئاست خوێندنەوەدا هەست بە کەمتەرخەمی دەکەین، لە بەرامبەردا تەنها ١١کەسو بەرێژەی ٧,٣٣٪ دەڵێن کە هەست بە کەمتەرخەمی ناکەین.

## ٤- پێشنیارەکان Proposals

١- ناوەندەکانی پەروەردە بەهای خوێندنەوەو خۆشویستنی کتێب لەلای خوێندکار- قوتابی بەرز بنرخێنن بۆ ئەوەی ئەم بەهایە هەر لە قۆناغەکانی منداڵییەوە بچەسپێتو ببێتە بەشێك لە بیرکردنەوەو ژیانی رۆژانەی خوێندکار بۆ ئەوەی کەسێکی خوێنەری لێ بەرهەم بێت.

٢- راگەیاندنەکان (تەلەفزیۆنەکان، رادیۆکان، رۆژنامەو سایتەکان) ئیش لەسەر گرنگی خوێندنەوە بکەنو هەوڵ بدەن راگەیاندنێکی چڕوپڕ پێك بهێننو ڕای گشتی لەسەر بە کولتورکردنی خوێندنەوەی دەرەکی دروست بکەن چونکە راگەیاندن لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا رۆڵێکی کاریگەری هەیە لە وروژاندنی بابەتەکاندا.

٣- زانکۆکان گرنگی زیاتر بدەن بە کردنەوەی کتێبخانە لەسەر ئاستی زانکۆ و بەشو فاکەڵتییەکان، هەروەها دابینکردنی سەرچاوەی هەمەلایەن بۆ خوێندکاران – قوتابیان بۆ ئەوەی ئاشنایەتی زیاتر لەگەڵ پەرتوکدا پەیدا بکەنو بە ئاسانی بەدەستی بهێنن.

٤- وەزارەتی رۆشنبیری هەوڵی زیاتر بدات کە کتێبخانە گشتییەکان دەوڵەمەندتر بکات بەو سەرچاوە زانستیانەی کە بە زمانی کوردی بلاودەکرێنەوە بۆ ئەوەی قوتابی زانکۆ بتوانێت سودیان لێ ببینێتو لەڕووی داراییەوە هاوکارییەکی باشە بۆ قوتابی چونکە ناچارنابێت کە بە پارەیەکی زۆر لە بازاڕ پەیدای بکات.

٥- مامۆستایانی زانکۆ هاوکاری قوتابیانی زانکۆ بن ئەویش بە هاندانیان بۆ خوێندنەوەی دەرەکیو ئاماژەدان بۆ سەرچاوەی زانستیو پەیداکردنی هەندێك لەو سەرچاوانەی کە قوتابی توانای دابینکردنو پەیداکردنی نییە بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دەرەکی ببێتە مۆدێلێك لای قوتابیو خوێندکاری زانکۆ.

## سەرچاوەکان

*سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

١- القرآن الكريم: سورة العلق.

٢- أحمد بدر، أصول البحث العلمي و مناهجه، ط٨ ، المكتبة الاكاديمية، القاهرة، ١٩٩٦.

٣- أحمد رأفت عبدالجواد، مبادىء علم الاجتماع، مكتبة نهضة الشرق، القاهرة، ١٩٨٣.

٤- البرتو مانغويل، تأريخ القراءة، ط١، ت: سامي شمعون، دار الساقي، بيروت، ٢٠٠١.

٥- بيتر كومب، الانطلاق في القراءة السريعة، ط٤، مكتبة جرير، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٧.

٦- حاتم حسين البصيص، تنمية مهارات القراءة و الكتابة، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠١١.

٧- خاطر محمود، تطور مناهج تعليم القراءة، المنظمة العربية، تونس، ١٩٨٣.

٨- خالد بن عبدالعزيز النصار، الإضاءة في أهمية الكتاب و القراءة، ط١، دار العاصمة، السعودية، بدون سنة الطبع.

٩- خالدة هناء سيدهم، أسباب عزوف الطلبة عن القراءة و أساليب تنمية مهاراتهم القرائية: دراسة ميدانية لطلبة السنة الثالثة ليسانس LMD علم المكتبات و العلوم الوثائقية بجامعة باتنة، الجزائر، العدد الثاني عشر، ٢٠١٣.

١٠- ساجد العبدلي، إقرأ، كيف تجعل القراءة جزءاً من حياتك، ط١، دار مدارك للنشر، بيروت، ٢٠١١.

١١- ساجد العبدلي، القراءة الذكية، ط٢ ، الابداع الفكري للنشر و التوزيع، الكويت، ٢٠٠٧.

١٢- عبدالباسط محمد حسن، أصول البحث الاجتماعي، مكتبة وهبة، مصر، ١٩٧٧.

١٣- عبدالرحمن بدوي، مناهج البحث العلمي، ط٣، وكالة المطبوعات، الكويت، ١٩٧٧.

١٤- عبدالكريم بكار، القراءة المثمرة مفاهيم و آليات، ط٦ ، دار القلم ، دمشق، ٢٠٠٨.

١٥- غريب محمد سيد أحمد، تصميم و تنفيذ البحث الاجتماعي، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٢.

١٦- فهد بن صالح الحمود، قراءة القراءة، ط٢، مكتبة العبيكان، السعودية، ٢٠٠٦.

١٧- فهمي سليم الغزوي و آخرون، المدخل الى علم الاجتماع، الاصدار الثاني، دار الشروق، عمان، ٢٠٠٤..

١٨- القراءة و الكتابة مع طفلك من مرحلة الروضة حتى الصف السادس، دليل لأولياء الامور، وزارة التربية و التعليم في أونتاريو، كندا، ٢٠١٢.

١٩- لطيفة حسين الكندري، تشجيع القراءة، ط١، المركز الاقليمي للطفولة و الامومة، الكويت، ٢٠٠٤.

٢٠- مورتيمر آدلر و تشارلز ڤان دورن، كيف تقرأ كتابا، ترجمة: طلال الحمصي، ط١، الدار العربية للعلوم، بيروت، ١٩٩٥.

٢١- هشام الحسن، طرق تعليم الاطفال، دار العلمية الدولية للنشرو التوزيع، عمان، ٢٠٠٠.

*سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی:

1- Nicholas Walliman, Social Research Method, Sage Publications, London, 2006.

2- Piergiorgio Corbretta, Social Research, Theory, Methods and techniques, Sage Publications, London,2003.

3- Steven Roger Fischer, A History of Reading, Reaction Books Ltd, London,2003.

4- Tony Buzan, The Speed Reading Book, BBC Worldwide Limited, United Kingdom1971.

*سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:

١- محەمەد فەریق حەسەن، بەکولتوورکردنی خوێندنەوە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

## ( پاشکۆ )

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی کۆیە

فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتیەکان

بەشی کۆمەڵناسی

## فۆرمی ڕا پرسی

خوێندکاری بەڕێز...

توێژەر هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی "خوێندنەوەی دەرەکی لای خوێندکارانی زانکۆ" کە توێژینەوەیەکی پراکتیکیە لە زانکۆی کۆیە، بەئامانجی خزمەتکردنی پرۆسەی زانستو برەودان بە توێژینەوەی زانستی.

تێبینی//

١- تکایە نیشانەی ( √) لە شوێنی گونجاودا دابنێ.

٢- پێویست بە ناونوسین ناکات.

**<u>یەکەم/ زانیارییە بنەڕەتیەکان</u>**

١- ڕەگەز: نێر (  ) مێ (  )

٢- تەمەن: (  ) ساڵ

٣- بەش: (  )

٤- شوێنی نیشتەجێبوون:

ناوەندی پارێزگا (  ) ناوەندی قەزا (  ) ناوەندی ناحیە (  ) گوند (  )

٥- ئاستی خوێندەواری باوك: نەخوێندەوار (  ) دەخوێنێتەوەو دەنوسێت (  ) سەرەتایی (  ) ناوەندی (  ) ئامادەیی (  ) دبلۆم (  ) بەکالۆریۆس (  ) خوێندنی باڵا (  )

٦- ئاستی خوێندەواری دایك: نەخوێندەوار (  )دەخوێنێتەوەو دەنوسێت (  ) سەرەتایی (  ) ناوەندی (  ) ئامادەیی (  ) دبلۆم (  ) بەکالۆریۆس (  ) خوێندنی باڵا (  )

٧- جۆری نیشتەجێبوون: موڵك (  ) کرێ (  ) حکومی (  ) هیتر (  )

## دووەم/ ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندی بە خوێندنەوەوە هەیە

٨- ئایا ئارەزووت لە خوێندنەوەی دەرەکی هەیە؟

بەڵێ(  ) تاڕادەیەك(  ) نەخێر (  )

ئەگەر وەڵامەکەت نەخێرە هۆکارەکەی دەستنیشان بکە (بەپێی گرنگییان ڕیزیان بکە):

أ- ناتوانم لەو شتانە تێبگەم کە دەیخوێنمەوە.

ب- نەبوونی بابەتی سەرنجڕاکێش بۆ خوێندنەوە.

ج- بە خوێندنەوە ڕانەهاتووم.

د- هۆکاری تر.............

٩- ئایا هیچ هەنگاوێکی کرداریت ناوە بۆ گەشەپێدانی خوێندنەوە؟

بەڵێ(  ) تاڕادەیەك(  ) نەخێر (  )

١٠- ئایا بەشێوەیەکی ڕێکخراو پراکتیزەی خوێندنەوە دەکەیت؟

بەڵێ(  ) تاڕادەیەك(  ) نەخێر (  )

١١- هەفتانە چەند کاتژمێر دەخوێنیتەوە؟ (  ) کاتژمێر

١٢- کاتی گونجاوت بۆ خوێندنەوە چ کاتێکە؟

١- بەیانیان ٢- نیوەڕوان ٣- عەسر ٤- ئێوارەو شەو ٥- پێش نوستن

١٣- زیاتر ئارەزووت لەکام لەم سەرچاوانە هەیە بۆ خوێندنەوە؟

١- گۆڤار ٢- ڕۆژنامە ٣- پەرتووك ٤- سایت

١٤- ئەو بابەتانە چین کە ئارەزووی خوێندنەوەیان دەکەیت؟

١- زانستی ٢- پەروەردەیی ٣- مێژوویی ٤- کۆمەڵایەتی

٥- شەرعی ٦- ئاینی ٧- فیکری ٨- بابەتی ئەدەبی

١٥- بەچەند زمان کتێب دەخوێنیتەوە؟ کوردی (  ) عەرەبی (  ) ئینگلیزی (  ) فارسی (  )

١٦- ئەو شتانە چین کە پاڵت پێوە دەنێن بۆ ئەنجامدانی خوێندنەوە؟ (ڕیزبەندیان بکە)

أ- خۆشویستنی زانست ب- گەشەپێدانو زیادبوونی لێهاتویی ج- بەسەربردنی کاتی دەست بەتاڵی د- هیتر...

١٧- ئایا سەردانی کتێبخانە دەکەیت؟ بەڵێ (  ) نەخێر (  )

١٨- ئایا زیاتر ئارەزوو لە کڕینی کتێب دەکەیت یان خواستنی؟ کڕین (  ) خواستن (  )

١٩- ئەو بڕە پارەیە چەندە کە مانگانە لە کڕینی کتێبدا خەرجی دەکەیت؟

أ- (کـەمتر لـە ٢٠ هـەزار دینـار) ب- (٢٠ هـەزار- ٣٠ هـەزار)دینـار ج- (٣٠ هـەزار-٤٠هەزار)دینار د- (٤٠ هەزار-٥٠ هەزار)دینار هـ- زیاتر لە٥٠ هەزار دینار

٢٠- ئایا لە پەیداکردنی ئەو بابەتانەی کـە حـەز بـە خوێندنـەوەیان دەکـەیت بەربەسـت هاتۆتـە ڕێگەت؟

بەڵێ( ) تاڕادەیەك( ) نەخێر ( )

ئەگـەر وەڵامەکـەت(بەڵێیـە) بەربەسـتەکان چـین؟ ١- کـەمی کتێبخانـەکان ( ) ٢- کـەمی سەرچاوەکان ( ) ٣- گرانی نرخیان ( ) ٤- هەموویان ( )

٢١- بەڕای تۆ خوێندنەوەی دەرەکی فاکتەرێکی گرنگی فێربوونە؟

بەڵێ( ) تاڕادەیەك( ) نەخێر ( )

٢٢- ئایا خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرکردن کاریگەری هەیە لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵگە؟

بەڵێ( ) تاڕادەیەك( ) نەخێر ( )

٢٣- ئایا هەست بە کەمتەرخەمی دەکەیت لە ئاست خوێندنەوەدا؟

بەڵێ( ) تاڕادەیەك( ) نەخێر ( )

٢٤- ئایا کتێب لە ئینتەرنێتەوە دەخوێنیتەوە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٢٥- ئەگەر خولیای خوێندنەوەت هەیە سەرەتا کێ هانی دای؟

دایك ( ) باوك( ) مامۆستا( ) هاوڕێ( ) کەسانی تر( )

٢٦- بە بڕوای تۆ خوێندنەوەی کام لەم بابەتانە مرۆڤی بەتوانا دروست دەکات؟

١- زانستی ٢- پەروەردەیی ٣- مێژوویی ٤- کۆمەڵایەتی ٥- شەرعی ٦- فیکری ٧- هیتر....

٢٧- بەڕای تۆ ئایا خوێندکارانی زانکۆ کەمتەرخەمن لە ئاست خوێندنەوەدا؟

بەڵێ( ) تاڕادەیەك( ) نەخێر ( )

٢٨- ئایا زانکۆ توانیویەتی ئاسانکاری بۆ خوێندکاران بکات بۆ گەشەپێدانی خوێندنەوە لەلایان؟

بەڵێ( ) تاڕادەیەك( ) نەخێر ( )

**سوپاس بۆ هاوکاریکردنتان**

# خلاصة البحث

## المطالعة الخارجية لدى طلاب الجامعة

## دراسة ميدانية في جامعة كوية

يهدف هذا البحث الى معرفة مستوى القراءة و المطالعة الخارجية لدى طلاب الجامعة باعتبارها عملية مهمة و حساسة بالنسبة للفرد و المجتمع معاً، و تساهم في التنشئة الثقافية للإنسان، و تعمل على رفع مستوى الوعي لأبناء المجتمع.

ولغرض تحقيق هذا الهدف أخذ الباحث عينة من طلاب جامعة كوية لإجراء بحثه، حتى يتمكن من معرفة مستوى المطالعة لدى هؤلاء الطلبة و تأثير المطالعة الخارجية و أهميتها، على اننا نعيش في عصر التكنولوجيا و ثورة المعلومات والتي سهلت الطريق و أتاحت كل الامكانيات للحصول على هذه المعلومات وفي كافة المجالات (العلمية، الثقافية، الإجتماعية، التربوية، السياسية) وغيرها ولكن المطالعة الخارجية و محاولة الوصول الى هذه المعلومات و التثقيف الذاتي للفرد لا يتحقق بدون وجود رغبة أو دافع للفرد في هذه العملية.

وتكمن أهمية هذا البحث في محاولة معرفة هل أن المطالعة الخارجية أصبحت مسألة ذات أهمية لدى طلاب الجامعة؟ على أن طلاب الجامعة عموما بحاجة الى القراءة و المتابعة و الحصول على معلومات اخرى علاوة عن المناهج الدراسية المقررة في الجامعة، فالسؤال الجوهري إذاً هي كيف ينظر هذه الشريحة المهمة الى مسألة المطالعة الخارجية فيما يترتب عليه معرفة مستوى ثقافة مجتمع معين و قياسه، ومما لاشك فيه أن عملية (التثاقف عن طريق القراءة) تعتبر عملية أساسية لبناء مجتمع واعي.

وتعد المطالعة الخارجية مؤشر مهم لقياس ثقافة المجتمع من جهة و عامل مؤثر في تنمية قدرات و مهارات الفرد العلمية و الثقافية، وكان هذا هو الهدف الجوهري لجميع الدراسات و البحوث التي جرت بهذا الخصوص.

أستخدم الباحث (منهج المسح الإجتماعي و المنهج التأريخي) لجمع المعلومات المطلوبة، هذا بالإضافة الى استخدامه للإستمارة الإستبيانية للحصول على المعلومات من أفراد عينة البحث المتكونة من (١٥٠) فرداً من الذكور و الإناث في كلية العلوم الإنسانية و الإجتماعية لجامعة (كوية) من أقسام (التأريخ، و الجغرافية، و علم الاجتماع) و أختار الباحث العينة القصدية كون هذا الموضوع يتعلق بطلبة العلوم الإنسانية و الإجتماعية أكثر من طلبة العلوم الطبيعية، كما و قام الباحث أيضاً بإستخدام وسائل أحصائية مثل (النسبة المئوية، و الوسط الحسابي) في تحليل الجداول و البيانات.

**مناقشة أهداف الدراسة:**

١- فيما يتعلق بالهدف الأول: "معرفة مدى رغبة طلاب الجامعة في المطالعة الخارجية" بين نتائج البحث أن نسبة (٨٧,٣٣٪) من المبحوثين كان لديهم الرغبة في المطالعة الخارجية، مقابل نسبة (١٢,٦٦٪) من المبحوثين الذين لم يكن لديهم هذه الرغبة.

٢- أما عن الهدف الثاني: "هل أن طلاب الجامعة يمارسون عملية المطالعة الخارجية بشكل منظم؟" أظهر هذا البحث من خلال نتائجه أن نسبة (٦٣,٩٩٪) من المبحوثين أجابوا بأنهم يمارسون القراءة و المطالعة الخارجية بشكل منظم بينما أجاب نسبة (٣٦٪) منهم بعدم ممارسة المطالعة الخارجية بصورة منظمة.

٣- فيما يخص الهدف الثالث: "محاولة معرفة دوافع هؤلاء الطلبة للمطالعة الخارجية" تبين أن نسبة (٥٢,٦٦٪) من المبحوثين كان لديهم دافع لتنمية قدراتهم و مهاراتهم، أما دافع ملء الفراغ لدى أفراد العينة فشكلت ما نسبته (٢٦٪) من مجموع المبحوثين، و كان دافع حبهم للعلم و المعرفة كانت بنسبة (١٨٪)، بينما كانت نسبة (٣,٣٣٪) لديهم أسباب اخرى للمطالعة الخارجية.

٤- و حول السؤال عن "هل أن هؤلاء الطلبة يشعرون بالتقصير في القراءة و المطالعة الخارجية؟" فأظهر البحث أن نسبة (٩٢,٦٦٪) من أفراد العينة أجابوا ب(نعم)، مقابل نسبة (٧,٣٣٪) منهم أجابوا ب(لا).


## *Summary*
## *Reading foreign students at the University*
## *At the University of Koya A field study*

In this research we tried to knowing un outer reading by university students in Koya University. The reading is an important process in the life of anyone in the society which is participates in a human growing, and it's an important source to increasing the knowledge and consciousness for society individuals.

We depended on the student's university which a sample till we know how is the range of important of reading by student's because in our day's we can get a good sources and all student's can do it but the general thing's is how they like the reading and the how is there finance capability to obtain an information sources?

The important of this research is in the some aims and we tried to know how is the range of un outer reading by student's university because if there

want to increasing there capability information they need as searching to getting information and reading un outer subject's and they can doing it which is an important assistant, but the essential question is how they depended on the un outer reading , because we can get a good information about the level of a knowledgement of fundamentals of a society culture which is becoming the reading in it like a good things to participating a good education for all societies individual.

Un outer reading is a good symbol for appearance the awareness level in any society because the reading is paying a benefit's to the society individuals.

All researches which are finished in all different societies it cleared that we can get accurate information about the society's culture level, because with increasing knowledgement level we have a good increasing in a culture level in the society.

In this research we used the social survey method and historical method to collecting information. And we used 150 information's form to obtain information's. we divided all form's on the Male and Female in humanity scientist faculty in (History, Geography, Sociology) departments and we obtained the intended aim by using (intentionality sample) because this subject is have a good connecting with the humanity faculties till scientist faculties. And we used the percentage ratio to the statistics center to analyzing information's.

Dialogue about the researches aim:

1. About the aims that it say: "trying to knowing reading favorites un outer reading by student's university" it appeared that % 87.33 likes it an % 12.66 they don’t' like it.

2.About the aims that it says: "is the university student's are reading by a good and limited time" it appeared that % 63.99 using it and % 36 they don't depended on an accurate time system for reading.

3.About the aims that it says: "Trying to knowing the thing's that encourages the student to reading" it appeared %52.66 of them they are reading for developing and increasing ability to reading and % 26 to filling the spare time and % 18 for liking scientist, and % 3.33 they read for another purposes.

4. About the aims that it says:"is the student's university are felling the neglect towards reading" it appeared % 92.66 they confessions to neglecting towards reading, and % 7.33 they don't confessions to the neglecting towards it.